# قوتابخانە نوێیەکانی زمانەوانی

وەرگێڕانی
پ.ی.د.نەریمان عەبدوڵلا خۆشناو

* ناوی کتێب: قوتابخانە نوێیەکانی زمانەوانی
* نووسینی: عەبدولقادر عەبدولجەلیل
* وەرگێڕانی: پ.ی.د.نەریمان عەبدوڵلا خۆشناو
* تایپیست: کۆچەر ئەنوەر نایف
* دیزاینی بەرگ: خەلیل هیدایەت مام شێخ
* دیزاینی ناوەوە: نووسەر
* نۆرەی چاپ: دووەم / ٢٠١٦
* شوێنی چاپ: چاپخانەی ڕۆژهەڵات/ هەولێر
* تیراژ: ١٠٠٠ دانە
* نرخ: (٣٠٠٠) دینار
* لە بەڕێوەبەرایەتی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی سپاردنی( )ی ساڵی ٢٠١٦ی پێدراوە.

**مافی لە چاپدانەوەی بۆ وەرگێڕ پارێزراوە**

AWER
Nawandi Awer
ناوەندی ئاوێر
بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە
٠٧٥٠٤٢٠٩٤٩٥

**لە بڵاوکراوەکانی ناوەندی ئاوێر**

**ژمارە(٣٧٢)**

# ناوەرۆک

دەستپێک.................................................٤
قوتابخانەی سویسری(جنێف)...................................٢٣
قوتابخانەی نەمساوی.........................................٣٣
قوتابخانەی دانیمارکی(کۆپنهاگن).............................٣٥
قوتابخانەی چیکۆسلۆڤاکی( پراگ)..............................٤٠
قوتابخانەی فەڕەنسی.........................................٤٦
قوتابخانەی ڕووسی(مۆسکۆ)...................................٥٠
قوتابخانەی ئەڵمانی.........................................٥٦
قوتابخانەی ئینگلیزی........................................٦٥
قوتابخانەی ئەمریکی.........................................٧٢
سەرچاوەکان................................................٨٨

# دەستپێک

لەم لێکـۆڵێنەوەیەدا بە نیـازی ئەوە نـین پەردە لەســەر مێـژووی لێکـۆڵینەوە زمانەوانییەکـان لادەیـن، چـونکە ئەمـە بوارێکی فراوانە، لێکۆڵەران بێ درێغی قۆڵیان لێهەڵماڵیوە و لەســـەر ئاســـتی تـــوێژینەوە عەرەبـــی و ڕۆژئاواییەکانـــدا باســـیان لێـــوە کـــردووە، بەڵام ئـــێمە پـــێش تۆمـــارکردنی تێبینێیەکانمـان لەســەر ئاراسـتەکانی قوتابخـانە نوێیـەکانی زمانەوانی، وامان بەباش زانی بە کورتی چەند پەراوێزێکی ئەم ڕێچکـانە بخەیـنەڕوو، وەک بەراییەکـی پەیوەسـت بە وانەی زمـانەوانی هـاوچەرخەوە، چـونکە زانـین و ناسـینی بنـەماکانی هـزری زمـانەوانی دێـرین و ئەو فـاکتەرانەی کە بەشـــداریەکی کارایـــان لە دامەزرانـــدن و گەشەســـەندنی کۆڵەگەکـانی دەسـتەبەر دەکـات و بە میتـۆدە زانسـتیی و مەعریفییە مرۆییەکان دەیلکێنێت، هـەر لە دێر زەمـانەوە تـا دەگاتە ئەم چەرخە.

دەبـێ ئەوەش بـزانین، کـە لێکۆڵینـەوە لـەبارەی زمـان، کـۆن، بەگـوێرەی سـەرهەڵدانی ژیـارە مرۆییەکـان، ئەویـش بەو مانـــایەی زمـــان ئـــامرازێکی گرێبەســـتە لـــە بـــواری

کـۆمەڵایەتی و لەڕێگـەی ئەویشـەوە تاکەکـانی کۆمەڵگـە بەیەکەوە پەیوەست دەبن و لەو دەلاقەیەوە ڕێ و ڕەسم و نەریتەکانی ژیانیان بە هەموو ئاراستەکاندا پیادە دەکەن.

بەڵگەکـان ڕوون و ئاشـکران و ئامـاژە بـۆ ژیـارە دێرینەکـانی (**دۆڵـی ڕافیـدەین**) و (**سـۆمەری**) و (**بـابلی**) و ژیـاری(**میسـری**) دەکەن، ئەم ژیـارانە بەشـێوازێک پێـداوەکانی خۆیـان خسـتۆتەڕوو، کە ئامـاژەیەکی ڕوون بە مەشـخەڵدارانی ئەو ژیـارانە دەکەن و گرنگییەکـی بـێ وێنەیـان بەم ئـامرازە کـارایە داوە، کە توانـایەکی لەڕادەبەدەری لەسەر نوێنەرایەتی ئەم ژیارانە هەیە.

بەڵام ئەم ژیارانە سەرباری ئەوەی بەڵگەنامە و نەخش و پاراسـتنی زمانیـان بە شـێوازەکانی نووسـین و ڕاڤە و گواسـتنەوەی هاوتەریـب بە ئـێمە گەیانـدووە، کەچـی ئەم کردانە لە کانگای هەستێکی زمانەوانی ڕۆشـن و یاسایەکی پێوانەیی زانستی و زەخیرەیەکی ڕێکخـراوەوە سـەرچاوەی نەگرتووە، هەروەها لە کانگای (**ڕێکخستن**) و (**پێوانەیی**) و (**ڕێژەیـی**) و (**خوێنـدنەوە**) و (**هەڵێنجـان**)ەوە بـۆ دیـاردە زمانەوانییەکـان نـەچووە، لەوەش دەچـێ سـەرنجە بەراییەکان لە تێفکرینی بەردەوام لە واقیعیەتی ئەم ئامرازە

و ئەو ئەرکانەی پەیوەست بە ئامێزەکانییەوە سەرچاوەی گرتبێ.

توێژینەوە زمانەوانییەکان هەر لە سەدەی پێنجەمی پێش زاینییەوە بە تێڕوانینێکی قووڵەوە ئەسپی خۆیان لەم بوارە تاوداوە، ئەوەبوو (هیندییەکان) پێشڤەچوونێکیان لەم بوارەدا تۆمار کرد و چەندەها توێژینەوەیان لەبارەی (دەنگ) و (ڕێزمان) و (لیستی وشەکان) و هەندێک لایەنی واتایی و بونیادی زمانیان ئەنجامدا.

**پانینی**(Panini) لەساڵی (٦٥٠ پێش زاینیی)، بە بەناوبانگترین ڕێزماننووسە هیندییەکان دادەنرین، پەرتووکێکی لەم بوارەدا نووسیوە و ناوی ناوە (**هەشت بەش - Ashadhyayi**)، کە بۆ سەر چەند زمانێکی جیا وەرگێڕدراوە.[١]

**بلۆمفلید** بەم شێوەیە باسی پانینی دەکات:((**ڕێزمانی پانینی یەکێکە لە مەزنترین ئەو بەڵگە مێژووییە دێرینانەی، کە ئاماژەیەکی ڕوون بۆ پێشڤەچوونی ئەقڵی مرۆڤایەتی دەکەن**)). هەروەها **ماکس مۆلەر** دەربارەی پانینی

---

١- أحمد مختار عمر(د)(١٩٨٨)، البحث االلغوي عند العرب، القاهرة، ص ٥٩.

دەڵێت: ((**هیچ ڕێزمانێک لە هیچ زمانێکدا ناتوانێ خۆی لە قەرەی ڕێزمانەکەی ئەو بدات**)).

ئـەدگارەکـانی نێـوان ڕێزمـانی هینـدی و ڕێزمـانی عەرەبـی لە هەر سـێ کاتـەکانی (ڕابـردوو، ئێسـتا و داهاتوو)ەوە ڕوون و ئاشکرایە، هەروەها بە هەمان شێوە بەها ژمارەیەکانیش لە لایەنەکانی (تاک) و (دوانە) و (کۆ) و (شێوازەکان) و (پاشگرەکان) و بەشـەکانی ئاخـاوتن و پاشکۆکانیشی لە (ناو) و (کار) و (پیت) و (ئامراز)ەکان ڕوون و ئاشکران.

هینـدییەکان لە ڕووی دەنـگەوە، باسـی دەنـگە سـەرەکیەکان و بەشـەکانیان و سـازگەکانیان و جۆراوجۆرییـان بەپێـی سروشـتی سـازگە هەواییەکـان کردووە.

هەروەهـا باسـی دەنگەکـانی سـەرووی پێکهاتەکانیـان کـردووە، وەکـو (هێـز)، (ئـاواز) و (بـڕگە)، پاشـان زۆر سوودی بە توێژینەوە دەنگییە ڕۆژئاواییەکان بەخشی، بە دانپیانـانی خـودی زمـانەوانە ڕۆژئـاواییە هاوچەرخەکـان، وەکـو (جـۆن فێـرس) ئەویش لەڕێگەی وەرگێڕانی (ماکس مۆلەر) بۆ پەرتووکی (Riz – vida- pratisakhye).[١]

---

١. عبدالقادر عبدالجليل (د) (١٩٩٨)، الأصوات اللغوية، ص ١٥.

هەموو ئەو توێژینەوانەش بۆ خزمەتکردنی پەرتووکی پیرۆزی هیندییەکان (ڤیدا vida) و زمانی سانسکریتی بوو، جێگەی ئاماژە بۆکردنە ئەوکات لە هیندستان (١٢) قوتابخانەی ڕێزمانی و (٣٠٠) پەرتووکی ڕێزمانی هەبوو.[١]

لەوەش دەچێت ئەم تێڕوانینە بۆ ئاستەکانی زمانی سانسکریتی پێویستی بە میتۆدێکی زانستی هەبووبێت، کە پشت بە خوێندنەوەیەکی وردبین و گشتگیر ببەستێت، جگە لەوەی تێڕاوانینەکان پەردە لەسەر دیاردەکانی ئەم زمانە پیرۆزە لانابەن، بە هەمان شێوەش ئەو تێڕوانینانە ڕووناکی ناخەنە سەر ڕەهەندەکانی پێشڤەچوون و ڕەچەڵەکی دروستبوونی زمانەکە، بەڵکو تەنها جەخت دەکەنە سەر لایەنە ئەفسانەییەکەی.

---

١. ئەو زانیارییانەی نووسەر بە بوونی (١٢) قوتابخانەی ڕێزمانی و (٣٠٠) پەرتووکی ڕێزمانی ئاماژەیان بۆ دەکات، مایەی سەرسوڕمانییە، چونکە تاکو ئێستا هیچ سەرچاوەیەک ئەم زانیارییەی باسنەکردووە یان پشتڕاست بکاتەوە، بە واتایەکی تر جێگەی ئەم زانیارییانە جێگەی گومان و ڕەنگە نادروست بێت (وەرگێڕ).

لەوانەشــە مـۆركی ئەم پیرۆزكـردنەی كە بە زمـانەكەی خۆیـــان بەخشـــی، شـــوێنەوارێكی گرنگـــی جێهێشـــتبێ لە پەینەبردن بە زۆر لایەنە زمانەوانییەكان و نزیكبوونەوە لە مەوداكـانی، بەڵكـو تەنهـا ئەو پێوەرانەیـان تۆمـار كـرد، كە تێـــڕوانینە گشـــتییەكان پشـــتی بە لایەنـــی ڕاپـــۆرتە ڕاســـتەوخۆكان دەبەســـت، كە لە دووتـــوێی میتـــۆدە وەسفیەكان بەكاریان دەهێنا.

بەڵام یۆنانییەكان(گریكەكـــان) توانایـــان لە بـــوارە زمانەوانییەكانـدا نەدەگەیشـتە ئاسـتی هــەوڵی زمانەوانــە هیندییەكان، هەرچەندە ئەوان لە ڕووی كرۆكەوە گرنگییان بە زمان دەدا، بەڵام جەختیان لەسـەر لایەنـی دەنگی زمـان دەكــرد، ئەویـــش لەڕێــگەی ئەو تێبینیــانەی خزمەتـــی بە دەقەكانی شانۆ و هونەرەكانی شیعر خوێندنەوە دەكرد.

لەوانەیە ئەفلاتــۆن و ئەرســتۆ یەكەم زانـا بــووبێتن، دەربــارەی ڕێزمــان نووســیبێتیان، جـا لەبەرئەوە چـاكەی جیاكردنەوەی نێوان ناو و كار بۆ ئەفلاتۆن دەگەڕێتەوە، و چــاكەی ســەرباركردنی بەشـــی ســێیەم (پیــت) و چەنــد بەشـێكی دی ڕێزمـان لە بـواری ئامرازەكانـدا بـۆ ئەرسـتۆ دەگەڕێتەوە.

زیاتر جەختیان لەسەر گرنگیدان بە مەسەلەی سەرهەڵدان و بنەچەی زمان دەکرد و هەریەکە لەژێر کاریگەری ئاراستەی فەلسەفی و میتۆدی عەقڵی واتایی خۆیدا بوو.[1]

یۆنانییەکان دەستکەوتە دەنگیەکانیان بە تویژینەوەی ئەلفوبێیەکانەوە بەستەوە، ئەویش بە پشتبەستن بە چەمکی (پیت)ەوە، ئەوەبوو تێبینییەکانی ئەفلاتۆن کە پەیوەست بوو بە نەبزوێن و بزوێنەکانەوە، کاریگەرییەکی ڕوونی لەسەر ئاراستەی فەلسەفەی سۆفستایی هەبوو، کە فەیلەسوفەکانی سەر بەو ڕەوشە فەلسەفییە، جیاوازییان لەنێوان زمان و ئاخاوتن، و لەنێوان پیتە نووسراوەکان و دەنگە گۆکراوەکان دەکرد.[2]

هەرچی ڕۆمانییەکانیشە، بە لاسایکردنەوەی گریگەکان خۆیان پەلکێشکرد، بۆیە بە دوای شوێنەواری یۆنانییەکان لە زۆربەی مەسەلە زمانییەکان کەوتن، جگە لە چەند ئاماژەیەک نەبێت سەبارەت بە بەرانبەرکردنی پێوانەیی لەنێوان یۆنانی و لاتینی، هەرچەندە ئەو ئاماژانە لە

١ـ عبدالقادر عبدالجليل(د)(١٩٩٧)، اللغة بين ثنائية التوقيف و المواضعة، عمان، ص ٢٥.

٢ـ عبدالقادر عبدالجليل(د)(١٩٩٨)، الأصوات اللغوية، ص ١٥.

دەربڕینێکی ڕووکەشەوە سەرچاوەی گرتبوو و سەریشی بۆ میتۆدی وەسفی دانەدەنواند، کە لەسەر بنەمای تێڕوانینی فەلسەفی بونیادنرابوو.

سریانییەکانیش لەسەر ڕێچکەی زمانەوانی گریکەکان هەنگاویان هەڵهێنا، ئەویش لەبەر دراوسێتیی و سەرنواندن بوو بۆ دەسەڵاتی گریکەکان، لەبەرئەوە وا دەردەکەوێ مەسەلەی زمان لەژێر کاریگەری میتۆد و کلتوری زمانەوانی ئەواندا بووبێت، ئەوەبوو وەرگێڕانی ڕێزمان لە یۆنانییەوە بۆ سریانی، پاشان مەسەلەی وەرگرتن لە زمانی گریکییەوە پەیدابوو، کە دیاردەیەکی زمانەوانی ئەوتۆ شایانی بەدواداچوون و توێژینەوەیە.

هەروەها ڕێزمانی سریانی بە هەمان شێوە لەسەر یاسا زمانەوانییە گریکییەکان ڕێچکەی گرت، جا لە کەڵە پیاوانیان: **یوسف ئەلئەهوازی (ساڵی٥٨٠ زایینی مردووە) و حونەین کوڕی ئیسحاقی باوکی زەید (ساڵی ٨٧٣ زایینی مردووە)** بوون، کە لە بواری وانەی زمانەوانیدا دەستێکی باڵایان هەبوو، هەروەها چەندین زانای دی هەبوون.

هەرچی عەرەبەکانن، ئەوا توێژینەوە زمانەوانییەکانیان لەژێر چەتری قورئانی پیرۆزدا پەرەی سەند، سەرچاوەی

لێکـۆڵینەوە زمانەوانییەکانیـان بە پـلە یەک لەسـەر بنەمـای دەقەکـــانی قورئـــان و خوێنـــدنەوە جۆراوجۆرەکـــان و فـــەرموودەکانی پێغەمـــبەر(د.خ) و شـــیعری عەرەبـــی و پەخشان و گوتار دروستبوو.

**زەرکەشی** دەڵێت:**((قورئـان سروشـی یەزدانـی مەزنە، کە بۆ محەمەد(د.خ)دابەزیوە، بۆ مەبەستی ڕوونکردنەوە و دەرخســـتنی موعجیزە(پەرجـــوو)، و خوێنـــدنەوەکانیش بریتییـە لە جیـاوازی ئاخاوتنەکـانی سروشـی قورئـان لە نووسینی یان لە چۆنیەتی پیتەکاندا)).**[1]

زماننـاســـە عەرەبـــەکان تـــوێژینەوە زانســـتییەکانیان لەسـەر بنەمـای میتـۆدی وەسـفی خسـتەڕوو، بەهـۆیـەوە لـە زمانی عەرەبیدا ڕستەسازی و وشەسازی و ڕەوانبێژی و کێشناسییان بە شێوازێکی پێوانەیی پێشکەشکرد، ئەوەبوو مەســـەلەکە زیـاتر بەنـاو لقەکـانی ئەم زانسـتەوە ڕۆچـوو، وەک ئەنجامێـــک بـــۆ پرۆســـەی پێداخشـــاندنی ڕێزمـــانی عەرەبـی بە ڕێزمـانی یۆنـانی و کـاریگەربوونی بە مەسـەلە فەلسـەفی و لۆجیکی و میتۆدە واتاییەکان.

---

١ـ الزركشي(؟)، البرهان في علوم القرآن، تحقيق: محمد ابو الفضل ابراهيم، القاهرة، ص ٣١٨.

تێڕوانینی زانایانی عەرەب بۆ مەسەلەکان ڕوون بوو، چونکە بە توێژینەوەی زمانەوانی گەیشتنە چەندەها ئەنجام لـە بوارەکـانی دەنگسـازی و ڕستەسـازی و وشەسـازی و واتاسـازیی، کە ئامـاژە بـۆ قـووڵایی عەقڵیەتـی عەرەب و چـــالاکبوونی دەکەن لە بەدوداچـــوونی مەنزڵگـــەکـــانی شـیکردنەوەی زمـانەوانی، بەڵام ئەو کەلێـنەی کە لەسـەر هەنـــدێکیان تۆمـــارکراوە ئەوەیە، کە شـــــارەزاییان لە زمانەکـانی تـردا نەبـووە، تـاکو هەلـی تـاوتوێکردن و بەراوردکردنیان بە مانایەکی تەواو و میتۆدێکی زانستی بۆ بڕەخسـێت، تەنهـا هەنـدێکیان نەبێ، کە شـارەزای زمـانی فارسـی و عیبـری و سـریانی بـوون، تـاڕادەیەک ئەو شـارەزابوونە بـە کەموکـوورِی و کەلێـندار بـوو، کە بـووە هۆی ئەوەی توێژینەوە زمانەوانییەکان لە ڕووی میتۆدەوە بێسەروبەر بن.

لەوەش دەچێت ململانێیـەکانی قوتابخـانە زمـانەوانیيە عەرەبییەکـان سـەبارەت بە زمـان و کێشـەکانی ڕێزمـان و وشەسازی و واتاسـازی ڕەنگدانەوەیەکی قووڵی توانسـتی هـــزری عەرەبـــی بێـــت لەســـەر بەخشـــش و داهێنـــانی زمانەوانیدا.

هەر کەسـێکیش چاوێـک بە (**الانصــاف**)ی ئەنباریـدا بخشـێنێت، دەرک بەو مشـتومڕە ڕێزمانیـانە دەکـات، کە مـۆرکی لـۆجیکی و فەلسـەفی زیـاتر سـەبارەت بە مەسـەلە ڕێزمانییەکان گرتووە.

هەروەهـا لە (**کشـف الاعـلام**)دا ناوەکـانی:((**ئەبـو عـەمـرو بـن عەلا، خەلیـل، سـیبەوی، کیسـائی، فـەرا، ئەسمەعی، ئەبو عوبەیدە، ئیبن ئەعرابی، ئیبن سـەکیت، سەعلەب، ئیبن قوتەیبە، مبرەد، ئیبن جنی، ئیبن دورەید، ئەبو جەعفەر نەحاس، زوجاج، ئیبن عەباد، ئیبن مەنزور، زوبەیدی، فەیروزبادی، فارابی، ئەشمونی، سیوتی، ئیبن مالیک، ئیبن عەقیل و ئیبن هیشان ئەنساڕی**)) دەخوێنینەوە و چەندەها زانـای ترمـان بەرچـاو دەکەوێت، کە سـامانێکی زانستی مەزنیان پێشـکەش بە زمـانی عەرەبی کـردووە، کە ڕەنگدانەوەی ئەو توانا لەڕادەبەدەرەی عەقڵیەتی عەرەبییە، کە مـامەڵە لەگەڵ زمـان و پێکهاتەکانیـدا دەکـات، جـا ئەم کۆششـانە گەیشـتنە ئەنجـامێکی بـاڵا لە زانسـتەکانی زمـانی عەرەبیدا.

لە سـەرەتادا تـوێژینەوە زمانەوانییەکـان ئەنجـامێکی تەواویان نەبوو و بەها زانستییەکانیشی دروست نەببوون، بـەڵام لە کۆتـایی سـەدەی نۆزدەهەمـدا کاتێـک بـازنەی

زانستەکانی عەرەبی بەرەو فراوانی ڕێچکەی گرت و تیۆرە زانســـتییەکان دەرکەوتـــن، هەنـــدێک لە بەروبومەکـــانی دەرکەوتـــن، ئەمـــەش بـــووە پاڵەپەســـتۆیەکی زیـــاتر بە توێژینەوە زانستییە زمانەوانییە جۆراوجۆرەکانی عەرەبی، کە بەهۆیەوە پێشڤەچوونی بە خۆیەوە بینی.

لەو تـــوێژینەوە و لێکـــۆڵینەوانەی زانایـــان لە ســـەدەی (١٧)ەوە پێشکەشیان کردووە، وەکو **(ئارنۆلد)** و **(لانسلۆ)**، کە هەردووکیان لە یاسا بەراوردکارەکانی زمانی فەڕەنسی و ئیتاڵیـــان کۆڵیـــوەتەوە، هەروەهـــا لە ســـەدەی (١٨)دا وەک **(جـان جـاک ڕۆسـۆ)** و **(ئـادەم سـمیت)**، لە ســەدەی (١٩)دا وەک **(ف. شـلیگل)**ی ئەڵمـانی، کە بـۆی دەرکەوت زمانی سانسکریتی ڕەچەڵەکی زمانەکانی هیندۆ ئەوروپییە، بـۆیە دەســتی دایە یاســا و بنەماکــانی و بە شــێوازێکی شیکردنەوەی زانستیانە، ئەویش بە پشتبەستن بە میتۆدی وەسفی، پاشان **(ڕاسک)**ی دانیمارکی، کە بە دامەزرێنەری یاســاکانی بەراوردکــاری دادەنرێــت لە ڕووی ڕێزمــان و وشەوە، هەروەها **یاکوب گریمی ئەڵمانی (١٧٨٧ – ١٨٣٢)** کە توێژینەوەکـــانی بەرەو هـــێڵە گشـــتییەکانی میتـــۆدی بەراوردکاری دەنگی زمانە (ئەڵمانییەکان) پەڵکێشی کرد و یاساکانیشی دانا، بۆیە ئێستا یاساکە بە ناوییەوە ناسراون.

هەروەها (**فرانز بۆب**)ی ئەڵمانی (١٧٩١ – ١٨٦٧)، کە بە توێژینەوە فۆنۆلۆجییە مێژووییەکان ناسراوە و **ئۆگەست فردریک بۆت** (١٨٠٢– ١٨٨٧) دامەزرێنەری ڕێزمانی هیندۆ ئەوروپی بەراوردکارییە و **ولیەم فۆن هامبۆڵدت**(١٧٦٧ – ١٨٣٥)ی ئەڵمانی، کە لە بواری پەیوەندی زمان بە بیر نووسیویەتی، تیایدا ڕوونی کردۆتەوە، کە زمان و بیر پەیوەستن بە گەشەسەندنی ئەویترەوە، باوەڕیشی بەوە هەبوو، کە زمانەکان بەگشتی بۆ سێ بەشی (**داپچڕاوەکان**) و (**لکاوەکان**) و (**ناوگرەکان**) پۆلێن دەکرێن.

به هەمان شێوە (**هرمان بۆل**)ی ئەڵمانی (١٨٤٦ – ١٩٢١)، دەربارەی مێژووی زمانەوانی پەرتووکی هەیە و **هنری سویت** (١٨٤٥ – ١٩١٢)ی ئینگلیزی، زۆر گرنگی بە لایەنی وەسفی زمان داوە و پەرتووکێکیشی لەو بوارەدا بە ناوی (PRIMER OF SPOKEN ENGLISHE) نووسیوە و، **شلایشەر** (١٨٦٧– ١٨٢١)ی ئەڵمانی، کە یەکێک بوو لە ڕابەرانی دووبارە دروستکردنەوەی زمانی هیندۆ ئەوروپی بە شێوەیەکی ڕێکوپێک، پەرتووکێکیشی دەربارەی یاسا و ڕێزمانی بەراوردکاری هەیە و پەرتووکێکی تریشی هەیە، کە تیۆرەکەی (**داروین**) بەسەر ئاراستە هزرییەکانیدا زاڵە،

ئەم زانایە (**ڕووەکناس**)بوو و تیۆروانینیشی بۆ زمان وەکو (**فرانز بۆپ**)ی هاوچەرخەکەی وابوو، باوەڕیان بەوە بوو ((**زمانەکان پێویستە وەک جەستە تەماشایان بکرێت، یاسا و ڕێسای چەسپاو کۆنترۆڵیان دەکات، بە شێوازی ژیانی سروشتی بەرەو پێشەوە دەچێت، پاشان وردە وردە کۆتایی پێدێت و دەمرێت**)).[1] جاری واش هەبووە ئەم زانایە وای بۆچووە، کە لەناو زمانەکانیشدا مانەوە و بەردەوامبوون بۆ زمانە بەهێزەکانە، هەروەها لەو باوەڕەشدایە زمان لاشەیەکە و چەندەها ئەندامی هەیە.[2]

ئەم توێژینەوانە زەمینەسازییەک بوون بۆ پەیدابوونی زانستێک، کە پێی دەوترێت (**زمانەوانی گشتی**)، کە بە ئاراستەکردنێکی گرنگی وانەی زمانەوانی لەقەڵەم دەدرێت.

جا پێش ئەوەی باس لەو لایانانەی توێژینەوەی زمانەوانی لەم چەرخەدا بکەین، دەگەڕێینەوە بۆ بۆچوونەکەی (**دی سۆسێر**)، کە **بابەتە زمانەوانییەکان**

---

١. تمام حسن(د)(١٩٧٤)، اللغة بين المعيارية و الوصفية، الدار البيضاء، ص٩١.

٢. بڕوانە: جورج مونين(١٩٨١)، تاريخ علم اللغة، ترجمة: بدرالدين قاسم، حلب. ر. روبنز(١٩٩٧)، موجز تاريخ علم اللغة، ترجمة: أحمد عوض(د)، الكويت.

**بـریتییه لـه تـوێژینەوەی خـودی زمـانەکه**، ئەمەش مانـای ئەوەیە زمـانەوانی گرنگـی بە زمـان دەدات، ئەویـش لە ڕووی بوونی یاساکانییەوە.

جـا بەو پێـیەی زمـانەوانی بەپێـی بۆچـوونی (دی سۆسـێر) زانسـتێکی گشـتگیرن، چـونکه ئەم زانسـته تـوێژینەوه دەکـات لـه دیـارده زمانەوانییەکـان و لایەنـه پەیوەسـتدارەکانی و لەسـەر هەمـوو ئەو ئاسـتانەی دیاردەکانی ئاخاوتن لای مرۆڤ، جا ئەو زمانه چ لەلایەن گەلێکی دڕنده یـان لەلای گەلێکی خـاوەن شارسـتانییەوه دەرچووبێ، یا له دێرزەمانەوه و له چەرخه کلاسیکیەکاندا یـان له سـەدەکانی شکسـتهێناندا دەرچـووبن، بەمەرجێک ئەوەی بە پلەی یەکەم دێت، گرنگیدانه بە دەقی نووسـراو، بە پله دووش بۆ گرنگی بە لایەنی زارەکی بدات.[1]

(دی سۆسـێر) ئامـاژه بـۆ ئـەوه دەکـات، کـه گرنگـی زمانەوانی جەخت لەسەر سێ بازنەدا دەکات:

- بـازنەی وەسـف و تۆمـارکردنی هەر زمانێک له ئارادا بێت، هەروەها پێویسته لەسەری مێژووی خێزانه زمانەکان

---

١ـ فردينان دي سوسير(١٩٨٥)، دروس في الألسنية العامة، ترجمة: صالح القرمادي و آخرين، الدار العربية للكتاب، ص٢٤.

دیـــاری بکـــات و جـــارێکی دی زمـــانی دایـــک لە هەمـــوو خێزانێکدا دروستبکاتەوە.

- بـازنەی لێکـۆڵینەوە و گەڕان بەدوای ئەو هێـزانەی بە بەردەوامی کار دەکەنە سـەر سـەرجەم زمانەکانی جیهان، هەروەها پێویستە ئەو یاسا گشتیانەی زمـان دەربهێنـێ، کە بەهـۆیەوە دەتـوانرێ جـارێکی دی سـەرجەم دیاردەکـانی تایبەت بە مێژووی زمانەکان بگێڕدرێتەوە.

- بـــازنەی دەستنیشـــانکردنی پـــێگەی زمـــان و زانینـــی کرۆکەکەی.

لەم ئاراسـتەیەدا پێویسـتە زمـانەوانی پەیوەنـدییەکانی خـــۆی لەگـــەڵ زانســـتەکانی تـــردا پتەوتـــر بکـــات، چ بە شـیکردنەوەی دیاردەکـان و چ بە پشتبەسـتن بەو دیـاردانە لە ڕووی بەرهەمەکـانەوە بێـت، جـا بەپێـی قسـەکانی (دی سۆســـێر) لەوە دەچـــێ زۆرجـــار بینینـــی ئەو توخوبـــانە دەرنەکەوێت، کە لەو زانستانە جیای دەکاتەوە.[١]

---

١. هەمدیسان دەبێ ئاماژە بۆ چوار دوانەکانی دی سۆسێر بکەین (دوانەی ئاخـــاوتن و زمـــان، دوانەی هێمـــا و هێمـــابۆکراو، دوانەی ئێســـتایی و مێژوویـــی، دوانەی ڕەهەنـــدی ئاســـۆیی و ڕەهەنـــدی ستوونی). دوانەی زمانەوانی مێژوویی بەرانبەر زمانەوانی ئێستایی دەوەستێت، کە یەکەمیان توێژینەوەی زمانە لە چەند ماوەیەکی یەک

هەروەها (**جۆن لیۆنز**) لە میانەی باسکردنی تیۆری چۆمسکی لە زمانەوانیدا، پێشنیازێک دەکات سەبارەت بە چەند لایەنێکی پسپۆڕێتی زمانەوانی، ئێمەش ئاماژەی بۆ دەکەین، وەک پێشەکییەک بۆ چوونە باسی لایەنە زمانەوانییە هاوچەرخەکان، کە ئەمانەن:

١. ئەدگاری زمانەوانییەکان، سەربەخۆیی و جیابوونەوە لە زانست و زانیاری تر، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەر کاتێک زمانەوانی پێویستی بووبێت، ئەوکاتە بە چڕی سوودی لێ دەبینێت.

---

لە دوای یەکدا، دووەمیش بایەخ بە لێکۆڵینەوەی زمان لە کات و شوێنی دیاریکراودا دەدات. (دوانەی زمانەوانی تیۆری و پراکتیکی)، یەکەمیان ئامانجی بنیاتنانی تیۆرێکی گشتییە بۆ پێکهاتەی زمان، دووەمیان ئامانجیشی بایەخدانە بە لایەنی پراکتیکی، بە تایبەتی گوتنەوەی زمان. دوانەی زمانەوانی ناوەوە یاخود بچووککراو (میکرۆنی) لە بەرانبەر زمانەوانیی دەرەکی یان گەورەکراو یان (مایکرۆنی) دەوەستێ، یەکەمیان جەخت لەسەر توێژینەوەی زمان خۆی دەکاتو بێ ئاماژەکردن بۆ ئەرکە کۆمەڵایەتییەکانی، یان ئەو بنەما سایکۆلۆژییەی وەرگرتن و فێربوونی زمانی لەسەر بەندە، بەڵام دووەمیان بایەخ بە لایەنە کۆمەڵایەتی و سایکۆلۆژی ئەنسرۆپۆلۆژییەکانی زمان دەدات.

٢. زمـانەوانی گرنگـی بە زمـانی زارەکـی پـێش زمـانی نووســـراو(دەق) دەدات، کـــە ئەمـــەش پـــێچەوانەی ئاراستەکانی زمانەوانیی کلاسیکییەکانە.

٣. زمـان لە تێڕوانینـی زمـانەوانی، گشـتگیر و تەواوە، کاتێکیش دەخوێنرێت، پێویستە بە زنجیرە و قۆناغ بە قۆناغ بخوێنرێت، لە سـەرەتاوە دەنگەکان لە بچووکترین یەکە و توخمەکانییەوە دەخوێنرێت تا دەگاتە واتا، لەو ناوەندەشدا بە لایەنەکانی وشەسازی و ڕستەسازیدا تێپەڕدەبێت.

٤. زمـانەوانی هەوڵـدەدات بـۆ بونیادنـانی تێڕوانینێکـی گشتی بۆ زمان و دەکرێ لەسـەر ڕێچکەکانیدا توێژینەوە سەبارەت بە زمانە مرۆییەکان ئەنجام بدرێت.

٥. زمـانەوانی لە زمـانی پەتـی و شـێوازە زمانییەکـان دەکـــۆڵێتەوە، بەو مانـــایەی ئەو زانســـتانە لە ئاســـتی بەکارهێنـانە زمانییەکـانن، هەروەهـا زمـانە بەراییەکـان و زمانە هاوچەرخەکانیش بەبێ هیچ لایەنگیرییەک هەر بەو شێوەیەن.[١]

جا دوای ئەم پێشـەکییە، ئێسـتا دێینە سـەر تۆمارکردنی قوتابخانە نوێیەکانی زمانەوانی:

---

١ـ جون ليونز(١٩٨٥)، نظرية تشومسكي اللغوية، ترجمة: حلمي خليل(د)، الاسكندرية، ص ٣٩.

١. قوتابخانەی سویسری

٢. قوتابخانەی نەمساوی

٣. قوتابخانەی دانیمارکی (کۆبنهاگن)

٤. قوتابخانەی چیکۆسلۆڤاکی (پراگ)

٥. قوتابخانەی فەڕەنسی

٦. قوتابخانەی ڕووسی (مۆسکۆ)

٧. قوتابخانەی ئەڵمانی

٨. قوتابخانەی ئینگلیزی

٩. قوتابخانەی ئەمریکی

## قوتابخانەی سویسری (جنێف)
## Switzerland School

قوتابخـــانە زمانەوانییەکـــان لە گۆڕەپـــانی تـــوێژینەوەی زماندا ئاشنای بیروڕای ئەو قوتابخانەیە بوون، ئەویش بە نـاوی **قوتابخـانەی جنێـف (Geneva School)**، یـان **قوتابخـانەی زیـورخ (Zurich School)**، جـا لە کەڵە پیـــاوانی ناســـراوی ئەم قوتابخـــانەیە (فردینانـــد دی سۆسێر)ی زمانەوان بـوو، ئێمەش پێش ئەوەی بچینە نـاو خوێنـــدنەوەی دەروازە زمانەوانییەکـــانەوە، دەمانەوێـــت ئامـاژە بە هــەوڵی زانایـانی دی بکەیـن، کە بەشـداریان لە دەوڵەمەنـــدکردنی ئەم قوتابخـــانەیە کـــردووە، وەکـــو : **(ڕیچـــاردز لۆکســـنجەر)**، کە بەشـــدارییەکی کـــارای لە تـــوێژینەوەی یاســـا و ڕەهەنـــدەکـــانی (فۆنۆلـــۆژی) و (فۆنەتیـــک) کـــرد، توێژینەوەکانیشـــی لە پەرتووکەکـــانی **(فسـیۆلۆژی و بونیـادی دەنگـی مرۆیـی ـ سـاڵی ١٩٥١)**، **(دەروازەیەک بـــۆ زانســـتی فۆنیـــاتەری ــــ ســـاڵی ١٩٥٩)**،**(نەخۆشـییە دەنگیەکـانی مـرۆڤ ـ سـاڵی ١٩٧١)**

پێشکەشکرد، هەروەها بە هاوبەشی لەگەڵ زمانەوانی نەمساوی (**گۆتفرێد ئارنۆڵد**) بەشداری لە پەرتووکی (**دەستکەوت لە دەنگی مرۆیدا – ساڵی ١٩٧٠**) کردووە.

هەروەها پرۆفیسۆر (**فنک**) و (**دیڤید**) و (**هارۆڵد**) لە پەرتووکی (**فۆنیاتەری – ساڵی ١٩٥٤**) و پرۆفیسۆر خاتوو (**ئیڤا ماریا کریش**) لە پەرتووکەکەیدا (**فۆنەتیک ـ ساڵی ١٩٦٨**) و پرۆفیسۆر خاتوو (**هێلینا ڤێرنا**) لە پەرتووکی (**میکانیکیەت و دینامیکیەتی گەروو لە کاتی دەرچوونی دەنگی مرۆیی – ساڵی ١٩٥٥**) و چەندەها زمانەوانی دی بەشداریان لەم جۆرە تویژینەوانەدا کردووە، کە تاکو ئێستا پەرتووکخانەکانی (**زیورخ**) و (**ڤیەننا**) و (**نیویۆرک**) و (**کالیفۆرنیا**) ناویانی لە دووتوێی کەلوپەلە زانستییەکانی زمانەوانی و زانستە یاریدەدەرەکانی تردا هەڵگرتووە.[(١)]

بەڵام ئەو زانا گەورەیەی کە بە هزرە ناوازەکەی خۆی توانی تویژینەوە زمانەوانییەکان ئاراستە بکات، بە شێوازێک زانایان و تویژەرانی دوای خۆی بخاتە سەر خاڵێکی وەرچەرخان لە بواری زمانەوانی نوێدا، ئەویش (**فردیناند دی سۆسێر ١٨٥٧ – ١٩١٣**) بوو، کە کۆڵەگەکانی زمانەوانی لەسەر بونیادی دۆزینەوەی لایەنە

---

١ـ وفاء البیه(د)(١٩٩٤)، اطلس اصوات اللغة العربیة، ص٦٩.

فیلۆلۆجیەکان دامەزراند، کە بووە خاڵێکی دەستپێک بۆ زۆر لە ئاراستە فەلسەفیە زمانەوانییە هاوچەرخەکان، ئەویش لە ڕوانگەی بینینە تازەکەی خۆی بۆ زمان، هەروەها پەرتووکەکەی بە ناوی **(کۆرسێ لەبارەی زمانەوانی گشتی)** (Course de Linguistice general) نووسی، کە سەرچاوەی سەرەکی زۆر لە تویژەرانی بواری زمانناسی زمانە ئەوروپییەکانە.

ئێمە لێرەدا نامانەوێ قسەکانمان لە ڕووی مێژووییەوە وەسف بکەین، بەڵام دەمانەوێ جەخت لەسەر ئەوە بکەینەوە، کە سەدەی (١٨) و (١٩) مۆرکی مێژوویی و بەراوردکاری لە ڕووی بونیادی زمانی هیندۆ ئەوروپی بەخۆوە گرتبوو، لەگەڵ فراوانبوونی ئەم تویژینەوانە لەو دوو سەدەیە لەسەر دەستی ڕێزماننووسە تازەکان و ڕێزماننووسە نموونەییەکان، ئەوا سەدەی بیستەم وەرچەرخانێکی گەورەی لە بواری ئەم تویژینەوانە بەخۆیەوە بینی، کە لەسەر سێ تەوەر دەخولێتەوە:

**١. کلتووری پێشینان تاکو پێش ساڵی ١٩١٠.**

**٢. کلتووری زمانەوانی هیندی لە دەنگە زمانەوانییەکان.**

**٣. ئەو تیۆرانەی باس لە توێژینەوەی زمان لە ڕووی زانستە سروشتییەکان و تیۆری بەراوردکاری دەکەن.**[١]

ئەم سێ تەوەرە لە کاتێکدا دەردەکەوێت، کە بینینێکی تازە لە بواری توێژینەوەی زمانەوانی لای (دی سۆسێر) گەڵاڵە بوو، کە لە وتەیەکی ناسراویدا بەرجەستە دەبێ، کە دەڵێ:((**بابەتی زمانەوانی توێژینەوەی زمانەکە خۆیەتی، لەپێناو خودی زمانەکە**))، هەروەها (ڕۆبنز) وای دەبینێ کە بۆچوونەکانی (دی سۆسێر) لە بواری (**کۆرسێ لەبارەی زمانەوانی گشتی**) وەکو شۆڕشێکی کوبرنیکی وابوو.[٢] هەروەها (ڕۆبنز) لایەنێکی ئەم شۆڕشەی دی سۆسێری ڕوونکردەوە، کە دەڵێ:((**پێویستە زمان بە شێوازێکی ئێستایی وەسف بکرێت، بەو مانایەی سیستەمێکە لە توخمە پەیوەندارەکان، هەروەها دەبێ زاراوە زمانەوانییەکانیش نەک بەشێوەیەکی ڕەها، بەڵکو لە ڕوانگەی یەکدییەوە پێناسە بکرێن، ئەمەش کرۆکی ئەو تیۆرەیە کە (دی**

١ـ ر. روبنز(١٩٩٧)، موجز تاريخ علم اللغة، ترجمة: أحمد عوض(د)، الكويت، ص٣١٧.

٢ـ ر. روبنز(١٩٩٧)، موجز تاريخ علم اللغة، ترجمة: أحمد عوض(د)، الكويت، ص٣١٩.

**سۆسێر) بەم شێوازە گوزارشتی لێکرد: زمان لە شێواز پێکهاتووە نەک لە ماددە))** و ئەم ڕستەیەش بەو دوو گوزارشتە خوازراوەی ڕوونکردەوە، کە دەڵێ **(پارچەکانی شەترەنج و شەمەندەفەر بە شوێنەکانی خۆی لە سیستەمەکەدا دەستنیشان دەکرێت و دەناسرێت یان لە تۆڕی هێڵە ئاسنییەکەدا بەگشتی دەناسرێت و دەستنیشان دەکرێت، نەک بە بونیاد و پێکهاتەکەی).**[١]

لەوەش دەچێت توێژینەوەکانی پێشووی دی سۆسێر لە شاری **(لایبرج)**ی ئەڵمانی لەگەڵ کۆمەڵە ڕێزماننووسە نوێیەکانی وەکو **(بۆل، ئاستۆف، فرنر، برۆگمان)**، عەقڵیەتی لەهەمبەر بۆچوونێکی تازە سەبارەت بە توێژینەوەی زمان کردەوە، بە وەرگرتنی میتۆدی وەسف وەک گۆڕەپانێکی بەپیت بۆ ئەو توێژینەوە زمانەوانیانە، لە هەمان کاتیشدا جەختکردنەوە لەسەر توێژینەوەی کاری سیستەمی زمانەوانی، نەک توێژینەوەی پێشڤەچوونی زمانەکە، جا (دی سۆسێر) لەم ڕوونکردنەوەیەی خوارەوەدا ئەو بنەمایانە دەخاتەڕوو، کە ئەو قوتابخانەیە

١ـ ر.روبنز(١٩٩٧)، موجز تاريخ علم اللغة، ترجمة: أحمد عوض(د)، الكويت، ص٣٢٠.

بانگەشەی بۆ دەکات، پاشان بووە بنەمایەکی پتەوی وانە نوێیەکانی زمانەوانی:

**١.توێژینەوەی زمان لە خودی خۆی و بۆ خۆی**

- **پەیوەندی(کۆمەڵایەتی)**
- **بوون(کرۆکی مێژوویی و ڕۆشنبیریی)**
- **سیستەم (ئاماژە جۆراوجۆرەکان)**

**٢. توێژنەوەی دوانەییەکان**

**٣. توێژینەوەی مێژوویی و توێژینەوەی ئێستایی**

**٤. توێژینەوەی وەسفی زمان بریتییە لە بنەمایەکی زانستیی زمانەوانی**

بەڵام توێژینەوەی مێژوویی ئەم ماددەیەی خوارەوە دەستەبەر دەکات، کە زمانی پێوە دەبەستێتەوە، لە خودی خۆیدا دەبێتە بەهایەک، لەبەرئەوە توێژینەوەی وەسفی پێویستییەکە بۆ توێژەر پێش ئەوەی دەستبداتە کاری توێژینەوە مێژووییەکە، پاشانیش توێژینەوە وەسفییەکە پێش توێژینەوە پێوانەییەکان دەکەوێت، چونکە گرنگییەکەی لە گەڕان بە دوای ڕاستەقینەکاندا چڕدەبێتەوە، کەچی گرنگی پێوانەکە لە دانانی وێنەی سیستەمەکە و پێوەرەکانی سیستەمی یاسایی چڕدەبێتەوە،

تاكو ئاخاوتنەكان لەسەر هێڵەكانی دیدگەیەكی ڕاست و دروست دەنێرێت.

**٥. تەوەری ستوونی و تەوەری ئاسۆیی لە توێژینەوەی زماندا، كاتێک پێكهاتەكان بە دابەشكراوی دەردەكەون، بە شێوەیەک ڕەنگدانەوەی سروشتی پەیوەندییەكان و هاوسێیەتی توخمەكان بن.**

**٦. هێمای زمانەوانی**

زمان لای دی سۆسێر هێمایەكە لەناو بازنەی هزردا خەزنكراوە، ئامانجی توێژینەوە زمانەوانییەكانیش، توێژینەوەی ئەو هێمایانە و شیكردنەوەی پێكهاتەكانی ناو توخمەكانیەتی، هەروەها دیاریكردنی پلەكانی پەیوەستبوون و پەیوەندییەكان و ڕادەی كاریگەری و كاركردنیەتی لەسەر ئەو پەیوەندیانەی لەگەڵیدا بن، جا چ تاك یا پێكەوە بن.

دی سۆسێر لە كاتی توێژینەوەی هێمای زمانەوانی جیاوازییەک لەنێوان تێگەیشتووە هزرییەكان و وێنەی گوێبیستی دەكات.

ئەم هێمایەش ئەم لایانانە دەخاتە ژێر چەتری خۆیەوە:

أ- لايەنى دەرەكى (دەستەى ماددى)

حاڵەتى ماددیى

ب - لايەنى ناوەكى (دركاندن)

(دەستەى توخمە پێكهێنەرەكان)

ج - لايەنى هزرى، ئاماژە بە ئاخاوتنى دركاو دەكات

حاڵەتى هزریى

د- لايەنى وێنەیى، ئاماژە بە ئاخاوتنى نادركاو دەكات

جا گەر وشەى (پێنووس) وەكو نموونەيەكى پراكتيكى وەرگرين، تێبينى ئەوە دەكەين:

پێنووس ← ئامراز......... بوونى دەرەكى أ

← ئاخاوتنى دركاو..... بوونى ناوەكى ب

← وێنەى هزريى هۆشيار...(هێمابۆكراو) ج

← وێنەى ئاخاوتنى نووسراوى نادركاو (گوێبيست) (هێما) د

وێنەكە بەم شێوەيەى خوارەوەى لێدێت:

حاڵەتى هزريى ← {(هێما) د + (هێمابۆكراو) ج} ← ئاماژەى زمانەوانى

جەختکردنەوەی دی سۆسێر لەسەر **(حاڵەتی هزریی بە هەردوو بەشەکەیەوە)** و دوورخستنەوەی **(حاڵەتە ماددیی بە هەردوو بەشەکەیەوە)**، وای لێدەکات لە ڕێژەیەکی دەستنیشاننەکراوی گۆڕانکارییە تاکییەکان دوورەپەرێز بێت، ئەمەش مانای ئەوەیە (دی سۆسێر) لە توێژینەوەکانی خۆیدا ئەلۆفۆن و فۆنیمی دوورخستەوە، چونکە لە هزریدا یەکێکە وەک پیتی (ن) لە زمانی عەرەبیدا لە نموونەکانی **(عنک، منک، نرید، امتحان، نوفل)**، لە هەر شوێنگەیەک لە شوێنگەکانی، بەڵام لە واقیعدا درکاوەکە، کۆمەڵەیەکن یان خێزانێکن لە (ن)ەکان و **(وێنەی دەنگ)**یشی پێدەگوترێت.

تێبینی ئەوەش دەکرێت زمانی عەرەبی ئەم جیاکاریی و جیاوازییە یان ئەم بەها جیاوازییەی گرتۆتەخۆ، جگە لەوە نموونەی وەکو **(حین، نام، سناء، نلعب)** لەم حاڵەتانەدا (ن)ەکان وێنەیەکن لەسەر ڕووبەرە درکاوەکاندا لەنگەر دەگرن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەست لە جیاوازیی واتایی وەرنادەن و نوێنەرایەتی ڕەمزیشیان نییە.

هەرچی شێوازی پەیوەندی نێوان هێمای زمانەوانی و ئاماژەکەیە، ئەوا مەسەلەیەکی ئاساییە، ئەمەش لە ڕاستیدا بۆچوونی باوی کلاسیکییەکانە، چونکە هیچ پەیوەندییەکی

ڕاستەوخۆ لەنێوان هێما و هێمابۆکراو نییە، تەنها ئەو ڕێککەوتنەی کە کۆمەڵی زمانەوانی لەسەری کۆکن.[1]

هەرچی ئەوەی لە کۆمەڵەکانی ئاخاوتن دەستەبەر دەبێت، ئەوەیە لەژێر دیاردەی **(ئۆنۆماتۆپیا)**دا (Onomatopoeia) باسی لێوەدەکرێت.

---

١ــ دی سۆسێر زمانی کردە شتێکی کۆمەکی، کە لە هۆشی کۆمەڵدایە و لەو شتانەشە کە زمانەوانی هەوڵی وەدیهێنانیان دەدات، هەروەها بریتییە لە ناوچە کاریگەرەکانی هێز لە هەموو زماناندا، لە پێناوی گەیشتنە چەند یاسایەکی گشتیی دیاردەکانی زمانەوانییە.

ئەو کارە وا دەخوازێ پشت بە زمانەوانی وەسفی ببەسترێت، هەوڵی پەردە لادانە لەسەر واقیع و باسکردنییەتی، چونکە وا دادەنێت ئەوە بناغەیەکە یاسا پێوانەییەکانی لە دیارخەرەکانی لێوەشانی زماندا بەرجەستە دەبن لە بواری چالاکی بەربلاوی زمانەوانیدا لەسەری ڕادەوەستن. ئەو یاسایانەش بریتین لە (چەند پێوەرێکی نموونەیی کە وەکو (Negative)ی ئەو وێنانەی وێنەگر دەتوانێ چەند نموونەیەکی جۆراوجۆری فرەڕەنگ و فرەشێوە و فرەقەبارەیان لەسەر بگرێتەوە.

# قوتابخانەی نەمساوی
# Austrian School

زمـانەوانی نەمسـاوی **(فردینانـد شیمنسـکی)** لەو زانـا مەزنـانەی بـواری زمـانەوانییە، کە بەشـێوەیەکی کـارا و بەرجەستە بەشداریان لە تویژینەوە دەنگییەکاندا کردووە، پەرتـووکە ناسراوەکەشـی بە نـاوی **(دەنگسـازی)**، کە لە ساڵی (١٩٣٥)دا نووسیویەتی، لەو بنەما زانستیانە لەقەڵەم دەدرێت، کە سوودێکی بێوێنەیان بە جیهانی شیکردنەوەی فۆنۆلـۆجی دەنگەکـان بەخشـیوە، جـگە لەو تـوێژینەوە قووڵانەی کە پەرتـووکەکە لە بوارەکـانی فیزیـای دەنگـی و فسیۆلۆژی و رێچکەکانی بیستنەوە پێشکەشیان دەکات.

هەروەها لەو زمانەوانە نەمساوییانەی، کە بەشدارییەکی چڕیان لەم بوارەدا هەبوو، **(ئیمێل فریشلز)**بوو، کە چەند پەرتـــووکێکی ناســـراوی هەیە، لەوانە **(بنەماکـــانی چارەسـەری دەنگـی مرۆیـی و زمـانی ئاخـاوتن ـ سـاڵی ١٩٢٦)** و **(فێرکردنـی زمانـەوانی و ئاخـاوتن ـــ سـاڵی ١٩٣١)**.

هەروەهـــا **(فریشـــلز)** و **(فـــایس)** و **(هایـــک)** لە پەرتووکەکەیاندا **(میتۆدەکانی توێژینەوەی دەنگی مرۆیی و زمـــان ــــ ســـاڵی ١٩٣٣)**[1] و **فیلهـــام براندنشـــتاین** لە پەرتووکی **(دەروازەیەک بۆ فۆنەتیک و فۆنۆلۆجی – ساڵی ١٩٥٠)** و......هتد. تیڕاوانینێکی تازە لە بواری توێژینەوە زمانەوانییەکانـــدا تۆمـــار دەکەن، لە کاتێکـــدا زمانـــەوانە پێشینەکان لە بۆچوونەکانیاندا جەختیان لەسەر فێربوونی زمانـەکان و دۆزینەوەی نەخۆشییەکانی گوتن دەکرد، کە دەکرێ لەژێر سایەی توێژینەوەکانی زمانـەوانی کارەکی پۆلێن بکرێن.

ئەم زانـا پێشـەنگانە بە توێژینەوەکـانی خۆیـان، توانیـان بنەماکـــانی قوتابخـــانەی نەمســـاوی لە بـــواری زانســـتە زمانەوانییەکانـدا دابمەزرێـنن، پاشـان زۆر کەس لە بـواری زمانەوانی کارەکیدا سوودیان لێ بینی.

---

١ـ وفاء البيه(د)(١٩٩٤)، اطلس اصوات اللغة العربية، ص٦٩.

## قوتابخانەی دانیمارکی(کۆبنهاگن)

## Denmark School (Copenhagen)

ئەم قوتابخـــانەیە بە کـــۆمەڵی کۆبنهـــاگن ناســـراوە، کە دەســـتەیەک بـــوون لەو زمانەوانـــانەی بەشـــێوەیەکی کـــارا لە پێشـــڤەبردنی تـــوێژینەوە زمانەوانییەکـــانی چـــارەگی یەکەمـــی ســـەدەی بیســـتەم بەشـــدار بـــوون، لەوانە **(ئۆتـــۆ جیســـپرســـن Otto Jespersen)** لە پەرتـــووکە ناســـراوەکەی خۆیـــدا **(زمـــان – Language)**، کە ســـاڵی (١٩٢١) لە بـــواری زمانەوانی ئێستایی بڵاوبۆوە، جگە لە هەوڵەکانی لە بواری **(فەلســـەفەی ڕێزمـــان)** و **(ڕێزمـــانی زمـــانی ئینگلیـــزی)**، کە تیایانـــدا **(جیســـپرســـن)** لە درکاوەکـــانی زمانـــەوانی کـــارەکـــی بەشێوازێکی فێرکاریی ئاسان نزیکدەبێتەوە.

بەهەمـــان شـــێوە **برۆنـــدال (Brondal)** لە نووســـینەکانی خۆیدا و **(هـ. بیدرسۆن)** لە پەرتووکەکەی خۆیدا بە نـــاوی (مێـــژووی تـــوێژینەوە زمانەوانییەکـــان) جەختـــی لەســـەر لایەنـــی مێژوویـــی کـــردەوە، لەگـــەڵ پێشکەشـــکردنی چەنـــد

بەراوردکـــارییەک لەنێـــوان کـــارە زمانەوانییەکـــانی ئەو سەردەمە.

کەچی زمانەوانی بەتوانا **لویس هیلمسلیڤ** ( **Louis Hielmslev**) لە بـــواری لێکـــۆڵینەوەی زمانەوانیـــدا، کە جێگری (**برۆندال**)ە، و بە تیۆرە ماتماتیکەکەی(**گلۆسیماتیک ـــ Gloomatics**)، کە (**مـــۆرفیم**)ە، بە واتـــا نـــزیکەکەی (**شیکردنەوەی نیمچە ماتماتیکی زمان**) ناسراوە.

(مۆرفیم) تیۆرێکی زمانەوانی بونیادی ڕووت و ڕەها و لـــۆجیکییە، کە زمـــان بە شـــێوازێکی ماتمـــاتیکی و لە گوزەرگـــای میتـــۆدێکی پشتڕاســـت بە هـــزری هەڵهێنجـــراو ڕێچـــکەی پێـــدەکات، هەروەهـــا لەســـەر کـــۆڵەگەی لـــۆجیکی ماتمـــاتیکی ورد دامەزراوە، ئەوەی ڕاســـتی بێـــت ئەم تیـــۆرە ڕەهایـــە لە پەرتـــووکی (**هیلمســـلیڤ**) بە نـــاوی (**بنەماکـــانی یاســـای زمـــانەوانی گشـــتی**) دەرکەوت، کە ســـاڵی (١٩٢٨) دەرچووە.

ئەم تیـــۆرە هەروەکـــو (ڕۆبنـــز) وەســـفی دەکـــات، لەســـەر بونیـــادی هـــزرە ســـەرەکییەکانی زمـــان لای (دی ســـۆســـێر) دامەزراوە، چونکە لەوێدا جەخت دەکاتەوە لەســـەر ئەوەی، زمـــان ڕوخســـار و شـــێوازە، نـــەک نـــاوەرۆک و جەوهەر، هەروەهـــا مـــاددەیەک نییـــە لە ئاســـتی واتـــادا ( Content

(واتاسازی و ڕێزمان) و (ئاستی دەربڕین) Plane (Expression Plane) (فۆنۆلۆجی).

جا شێوازی زمانەوانی ئەم تیۆرە، بریتییە لە کۆمەڵە پەیوەندییەکی ئاڵوگۆڕکراوە لەنێوان ئەو توخمانەی ئاستی دەرککراو بەرەو ئەنجامێکی لۆجیکی ڕاپێچ دەکەن، لەگەڵ گرنگیدان بە پێوانەکانی سەرووی زمانەوانی، چونکە شیکردنەوەی واتا پێویستە لەگەڵ ئەم پێوانانە جیا بێت، بە هەمان شێوە سەبارەت بە شیکردنەوەی دەربڕینەکان (فۆنۆلۆجی)، چونکە پێویستە ئەویش لە پێوانەی سەرووی دەنگەکانەوە **(سەرووی زمانەوانی)** جیا بێت.[1]

زمان لە شرۆڤەی ئەم تیۆرەدا ڕوخسارە، بە هەمان شێوە تۆڕێکە لە پەیوەندییەکان، بەڵام ماددە نییە، جگە لەوەی کە تیۆرێکە، زمان بەرەو لایەنە ڕەها و لۆجیکییەکان ڕاپێچ دەکات، لە ئادگارە جوانکارییەکان دوور دەکەوێتەوە، ئەویش بە پشتبەستن بە ڕەنگی ماتماتیکی، چونکە چەمکی تازە لە دابەشکردنی بەشە ڕێزمانییەکاندا پێشنیازکردووە، تاکو ئێستاش لە مەیدانی

---

١. ر.روبنز(١٩٩٧)، موجز تاريخ علم اللغة، ترجمة: أحمد عوض(د)، الكويت، ص٣٢١.

پراکتیکی ڕاستەقینەدا، بواری زانستەکانی زمان بەشێوەیەکی گشتی دوورەپەرێز بووە.

دەتوانرێت وێنەی جووڵەی (گلۆسیم ـ مۆرفیم)[1] بەم شێوەیەی خوارەوە بکێشرێت:




---

١ـ گلۆسیم ـ مۆرفیم: بچووکترین دانەی واتاداری زمانە، کە بلۆمفیلد ئەم زاراوەی بەکارهێناوە.

جا له جیّبه‌جیّكردنی ئه‌م ئاراسته‌یه‌دا، ناتوانریّت پشت به‌ خویّندنه‌وه‌ ببه‌ستریّت، چونكه‌ ئه‌م ئاراسته‌یه‌ پیّداوی خاوه‌ن به‌ها یه‌كه‌ییه‌كان ده‌گه‌یه‌نیّ، كه‌چی كرۆكی مه‌سه‌له‌كه‌ به‌ره‌و گشتگیر بوون و ئاسانكاری و نه‌بوونی كیّبركیّ ریّچكه‌ ده‌به‌ستیّت.

ئاستی ده‌ربرینیش وه‌ك هاوكیّشه‌یه‌كی بابه‌تیی بۆ مادده‌ی فۆنه‌تیك به‌ ریّگه‌یه‌كی راست و دروستی خۆی ده‌میّنیّته‌وه‌، شان به‌ شانی ئاستی ناوه‌رۆكه‌كه‌، هاوكیّشه‌یه‌كی بابه‌تی لیّكۆلّینه‌وه‌ی واتاسازییه‌ و هه‌ردووكیان دوو هیّلّی په‌یوه‌ست بوون بۆ جیّبه‌جیّكردنی (مۆرفیم).

هه‌ندیّك كه‌س به‌ (مۆرفیم) ده‌لّیّن تیۆری **(په‌لاری)** و (ر. هـ. رۆبنز)ی زمانه‌وانیش له‌ په‌رتووكه‌كه‌ی خۆیدا (A Short History of linguistics) ئاماژه‌ی بۆ كردووه‌.

## قوتابخانەی چیکۆسلۆڤاکی (پراگ)
## Czechoslavakia School (Prague)

پاش دە ساڵێک لە پەیدابوونی بۆچوونەکانی (دی سۆسێر)، کە لە پەرتووکی **(کۆرسێ لەبارەی زمانەوانی گشتییەوە)** بڵاوکرایەوە، لە چیکۆسلۆڤاکیا قوتابخانەیەکی زمانەوانی بە ناوی قوتابخانەی (پراگ) پەیدابوو، کە میری ڕووسی کۆچبەر **نیکۆلای سێراجفیش ترۆپتسکۆی (١٨٩٠ – ١٩٨٣)** و زمانەوانی بە ڕەچەڵەک پۆڵەندی **ڕۆمان جاکۆبسن**[١] **(١٨٩٠ – ١٩٨٢)** لەپشتەوەی پەیدابوونی ئەم قوتابخانەیە بوون، هەروەها لە کەڵە پیاوانی ئەم

---

١ـ جێگەی ئاماژەکردنە کۆمەڵەی پراگ پاش جەنگی دووەمی جیهانی لێکهەڵوەشایەوە، ڕۆمان جاکۆبسن پسپۆڕە لە بوارەکانی زانستی ڕێزمانی بەراورد و فیقهی زمانە سلاڤییەکان، ساڵی ١٩١٥ یانەی زمانەوانی مۆسکۆی دامەزراند، و هەر لە ساڵی ١٩٣٨ەوە تاکو مردنی چەند پۆستێکی ئەکادیمی وەرگرت، دواهەمینیان لە پەیمانگەی ماچۆستی تەکنۆلۆجی بوو. نیکۆلای ترۆپتسکۆی لە زانکۆی ڤییەننا مامۆستا بوو.

قوتابخـــانەیە، زمانـــەوانی بە ڕەچەڵەک **چیکـــی ولیـــەم ماتیســـیۆس(١٨٨٢ – ١٩٤٥)** و **جـــان مۆکارۆفکســـی**، کە فەیلەسوفێک بوو پرەنسیپەکانی جوانناسی بۆ قوتابخانەی (پراگ) دانا.

بونیادنەرانی ئەم قوتابخانەیە چەند دیدارێکی ڕێکیان ئەنجامدا و بەرنامەی کاری قوتابخانەکەیان بۆ کۆنگرەی یەکەمی زانایانی زمانەوانی لە **(لاهای – هۆڵەندا)** لە ساڵی (١٩٢٨) پێشکەشکرد، کە لەژێر ناونیشـــانی **(کاروبـــارە بنەڕەتییەکانی زنجیرەی پراگی زمانەوانی)** بەڕێوەچوو، جەختی لەسەر بوونی ئەرکی زمان کردەوە.

جـــا ڕابەرانـــی ئەم قوتابخـــانەیە لە کـــۆنگرەی زمـــانە سلاڤییەکان لە ساڵی (١٩٢٩) بەیاننامەیەکیان دەرکرد، کە لە دووتوێیدا دارشتنی تیۆری بونیادگەریی لە ئاستی دەنگ و واتادا خستەڕوو، لە هەمان کاتیشدا جەختیان کردەوە لەسەر ئەوەی بنەچەی زمان لەوەوە هاتووە، کە بونیادێکە و دادەمەزرێ و وەک یەکەیەکی تەواو بەرەوپێش دەچێت، نەک بەشـــێوەی زنجیـــرەی پێشـــڤەچوونی تـــاکی، کە لە مێشکدا دروست دەبێت و پەیوەندی لەنێوانیان نییە، بۆیە لە خوارەوە بەیاننامەکانی ئەم قوتابخانە زمانەوانییە تۆمار دەکەین:

١. ئەم قوتابخـانەیە تیـۆری (دی سۆسـێر)ی لە فۆنیمـدا پیـادەکرد، کە واتـای دەنگـی ئاخـاوتنە، بەو وەسـفەی ڕووداوێکـی دەنگیـیە، ئەم گـروپە لە هەوڵـدابوون بـۆ پێشخستنی، بەو حیسابەی ئەڵقەی گەیاندنی گرێبەستە لە فۆنۆلۆژیدا، وەکو زانستێکی زمانەوانی شیکردنەوە، کە لە ڕووی ئـەرکییەوە دەڕوانێتە زمان، وەکو یەکەیەکی تەواو بۆ چەند مەبەستێکی دیاریکراو کار دەکات، جگە لەوەی فۆنەتیـک زانسـتێکی سروشـتی فیزیـاوییە، تـایبەتە بە تـوێژینەوەی لایەنە فسـیۆلۆجیەکانی دەنگـی مـرۆڤ و لە بەیاننامەکانیدا پشت بە ئامێر و ئالەتەکانەوە دەبەستێت.

دەنگەکـانی ئاخـاوتن لە ڕوانـگەی ئەم قوتابخـانەیەوە سەر بە ئاخاوتنە (Parole)، بەڵام (فۆنیم) سـەر بە زمـانە (Langue)، هەر فۆنیمێـک بە یەکەیەکـی فۆنۆلـۆجی لێکدراوە، لەڕێگەی دەنگەکانی ئاخافتنەوە جێبەجێ دەکرێ، ئەم یەکەیەش لە ژمـارەیەک ئادگـارە جیاکارییەکـان پێکهـاتووە، کە بە (ئەلۆفـۆن) نـاوی دەبـرێ. (فـۆنیم) لە ئاراسـتەکـانی ئەم قوتابخـانەیەدا لە تـوخمە دیارەکـانی هەژمـار دەکرێـت، کە گرنگییەکـی بـێ وێـنەی لە بـواری زمانەوانیدا هەیە.

٢. ئەم گروپە کۆششەکانیان ئاراستەی شیکردنەوەی چەمکی (فۆنیم) و پێشڤەبردنی (تیۆری فۆنۆلۆجی) و شێوازناسی (Stylistics) و لایەنی ڕێزمانی بەراوردکاریی کرد.

٣. زمان لای ئەندامانی ئەم قوتابخانەیە سیستەمێکە (System)لە هێماکان (Signs) و ڕوونکردنەوەی وەسفەکەشی پەیوەستە بە بنەمای دیاریکردنی سنووری پەیوەندییەکانی نێوان توخمەکان و پەیوەندییان بە توخمەکانی ترەوە.

٤. گرنگترین کار کە بە میتۆد و ئاراستە گشتییەکانی ئەم قوتابخانەیە بەستراوەتەوە، پەرتووکی **(بنەماکانی فۆنۆلۆژی)ی (نیکۆلای ترۆپتسکۆ)**یە.

٥. ئەم قوتابخانەیە جیاوازییەک لەنێوان (فۆنۆلۆژی) و (فۆنەتیک) دەکات، ئەویش کاتێک شتەکان بەرەو شیکردنەوەی کارەکانی فۆنۆلۆجی بۆ یەکە فۆنۆلۆجییەکان دەچێت، ئەویش سێ بەشە:

**أ. ئەرکی چەندێتی (ڕێژەی یەکەکان)**

**ب ـ ئەرکی دەستنیشانکردن (سنووری یەکەکان)**

**ج ـ ئەرکی جیاوازی (جیاوازی واتایی)**

هـەوڵەکانی زمانـەوان **(ڕۆمـان جاکۆبسـن)**ی قوتـابی **(ترۆپتسـکۆی)**، کـاریگەرییەکی گەورەی لە ئاراسـتەکردنـی توێژینەوەی زمانەوانی هەبوو، چونکە بە گواستنەوەی ئەم بۆچـوونە بـۆ وڵاتە یەکگرتووەکـانی ئەمریکـا، سـوودێکی زۆری گەیانـد، ئەویـش بە کـارکردنی لەسـەر دەزگاکـانی شیکردنەوەی ڕەنگاڵەیی (Spectrographs)، کە توانـای شـیکردنەوەی فـۆنیمی زمانەکـان و دابەشـکردنی هەمبـەرە دوانییەکـان لەڕووی فریکیۆنسـەوە، نەک لەسـەر بنەمـای درکاوی ڕاستەوخۆ.

٦. ئەم گـروپە گرنگـی بەو فـرەییە فـراوانەی ئەرکـەکانی زمان دەدا، بەرەو بەکارهێنانی زمان لە لایەنـە گشتییەکانی جـوانیی و ئەدەبییـەوە هەنگـاوی نـا، ئەمەش ڕەنگـدانەوەی ئارەزووی هەندێک لە زنجیرەی وانە زمانییەکانی ئەمریکی بـوو، کە زمـان بەگـوێرەی لایەنە زانسـتییەکەی پـۆلێن دەکرد، نەک لایەنە ئەدەبییەکەی.[١]

**(س. م. لامـب)** تیـۆری **(ڕێزمـانی چینایەتییەکـانی (Stratificationl)**خسـتەڕوو، بـۆ شـیکردنەوەی ڕواڵەتـی گشـتی و لایەنـی دەنگـی زمـان. ئەمەش لایەنێک لە تیۆری

---

١ـ ر.روبنز(١٩٩٧)، موجز تاريخ علم اللغة، ترجمة: أحمد عوض(د)، الكويت، ص٣٢٩.

پراگی زمانەوانی پێکدەهێنێت، ئەم تیۆرە لەسەر بنەمای ڕێکخستنی ئاستەکان بەیەکەوە و بە شێوازێکی هەرەمی دامەزراوە:

**ئاستی فەرهەنگی ← ئاستی مۆرفیم پێکدەهێنێت**

**ئاستی مۆرفیم ← ئاستی فەرهەنگی پێکدەهێنێت**

**ئاستی فۆنیم ← ئادگارەکانی ئاستی خوارەوەی مۆرفیم پێکدەهێنێت**

تیایدا ئاستەکان جۆراوجۆرن و سیستەمەکان لەسەر ئاستی پێکهاتە باڵاکان پێکەوە دەلکێن.[١]

١ـ ر. روبنز(١٩٩٧)، موجز تاريخ علم اللغة، ترجمة: أحمد عوض(د)، الكويت، ص٣٥٦.

## قوتابخانەی فەڕەنسی
## French School

هەر لەوکاتەی کۆمەڵەی زمانەوانی پاریس لە ساڵی ١٨٦٦ دامەزرا، هەوڵی زمانەوانە فەڕەنسییەکان لە بواری توێژینەوە زمانەوانییەکان دەرکەوتن، ئەویش لە ڕوانگەی ئەو توێژینەوە و ئەو پەرتووکانەی باس لە زمان و فەلسەفەی زمان و لایەنە درکاوەکان و فۆنەتیک و فۆنیاتەری[١] دەکەن. جگە لە توێژینەوەی لایەنی فسیۆلۆجییەتی بیستن و دینامیکیەتی دەنگ و توێژینەوەکانی تریش، کە چارەسەری لایەنی زمانەوانی وەسفیی و پێوانەیی و ئێستایی دەکات، و چەند پردێکی

---

١ــ زانستی فۆنیاتەری، کە پێشی دەڵێن:(پزیشکیی فۆنەتیک)، زانستێکە لە دروستبوونی دەنگی مرۆڤ و نەخۆشییەکانی و چارەسەرکردنی و پێوانە و پێوەرەکانی و هەموو ئەو شتانەی پێوەندییان بە فسیۆلۆژیای دەنگەوە هەیە دەکۆڵێتەوە.

پەیوەستبوونیش لە ڕوانگەی میتۆدی بەرانبەریی و بەراوردیی دروست دەکات.

شێوەی ئەم قوتابخانەیەش هەروەکو ئەوانی پێشووتر وایە، چونکە توێژینەوە بەراییەکان هەر دەربارەی زمانی نووسراو بوون، ئەوەش بواری زمانەوانی مێژوویییە، کە لەوانەیە دوور و نزیک بە ماددەی فۆنۆلۆجی بەراوردکارییەوە پەیوەست بێت، وەکو **(زمانەوانی مێژوویی گشتی)**، کە **(أ. مابیت)** لە سالّی (١٩٤٨) دەرچوو.

جا بە بڵاوبوونەوەی وشەی فەڕەنسی **(فۆنیم - Phoneme)**، کە مانای دەنگی ئاخاوتن دەبەخشێ، کە ڕووداوێکی دەنگییە، لەم بوارەدا چەند نووسینێکی کەڵە زمانەوانانی فەڕەنسیی دەرکەوتن، وەک **(ب. ڕۆسیلۆ)** و پەرتووکەکەی **(بنەماکانی فۆنەتیکی تاقیگەیی)** سالّی (١٩٥٩)دا بڵاوکرایەوە و **(جاستۆن باری)** و پەرتووکەکەی **(دەروازەیەک بۆ فۆنەتیکی گشتی)** سالّی (١٩٢٨) دەرچوو.

هەروەها زمانەوانی فەڕەنسی **(ج. فندریس)** لە پەرتووکەکەی خۆیدا **(زمان)** سالّی (١٩٢٩)دا دەرچوو، تێڕوانینێکی چڕ دەربارەی ئەم سیستەمە کۆمەڵایەتییە

تۆمار دەکات و کار و توانا بەرهەمێهێنەکانی لە ڕوانگەی چەند قۆناغێکی دابەشکاری و پێوانەدا دەخاتەڕوو.

هەرچی (**مۆریس گرامۆنت**) لە پەرتووکەکەی خۆیدا (**فۆنەتیک**)، کە لە ساڵی (١٩٣٩)دا دەرچووە، لایەنە وەسفی و فسیۆلۆجی و ئاراستەکانی فۆنەتیک، یان ئەو یاسا دەنگیانەی، کە هەندێک دیاردەی زمانەوانی کۆنترۆڵ دەکات.

پاشان کارەکانی زمانەوانانی فەڕەنسی وردە وردە هاتە ئاراوە، کە ئەمانەی خوارەوەی لێ دەخەینەڕوو:

**١. د.هۆسۆن:**

**فسیۆلۆجیای فۆنیمەکان**، ساڵی ١٩٥٠ بڵاوکراوەتەوە.

**میکانیکیەتی لێوەکانی دەنگی لە کاتی دەنگدانی گەروویی**، ساڵی ١٩٥١ بڵاوکراوەتەوە.

**٢- هـ . ڕشێر:**

**کورتەیەک دەربارەی شیکردنەوەی فۆنەتیکی ئەستسیلۆگرافی فەڕەنسی**، ساڵی ١٩٥٠ بڵاوکراوەتەوە.

**٣. بیرتل مالمبرگ:**

**فۆنەتیک**، ساڵی ١٩٥٤ بڵاوکراوەتەوە.

**٤. جۆی کۆنت:**

**میکانیکیەت و دینامیکیەتی دەنگی مرۆیی لە کاتی ئاخاوتن**، ساڵی ١٩٦٥ بڵاوکراوەتەوە.

جـــا بیروڕاکـــانی ئەم قوتابخـــانەیە لە ڕوانـــگەی وەرگێـــڕانە جۆراوجۆرەکـــانی زمـــانە جیهانییەکـــانەوە بڵاوبۆتەوە.

هەروەهـا لە سـەرەتای هەشـتاکانەوە لەلای هەنـدێک لە زمـانەوانە فەڕەنسـییەکان، زۆر لە مەسـەلە پێکهاتەییەکـانی زمان دروستبوو، ئەویش لەسەر نزیککردنەوەی درکاوەی هەمـبەریەک Contrastive Enuciative، هەنـدێک لەو زانایـــانە ئەو مەســـەلە پێکهاتەییانەیـــان لە ئەنجـــامی پیـادەکردنی بەســـەر زمـــانی ئینگلیزیـدا دەســـتکەوت، کە مەبەستیان تێگەیشتنی کاری زمان بوو بەگشـتی، لەوانەش (**هینـری ئادەمسـکی، ئەنتۆنیـۆ کـولیلی**)، جـگە لە چەنـدەها زانای تر، کە لە زانکۆ و ناوەندەکانی تـوێژینەوەی زانسـتی فەڕەنســی ســەرقاڵی تــوێژینەوەی زمــانەوانی بــوون، ئەو زانایانە کاریان لەسەر پێشڤەبردنی تیۆری ڕێزمانی دەکرد، ئەویش لەسەر بنەمای هەمبەریەکی (**میتا زمان**).[١]

---

[1] -D.r Kahlawi, The phases symmetry in the grammer of English and Standard Arabic, Sorbonne, Paris III, 1992 (ph. D. thesis).

# قوتابخانەی ڕووسی(مۆسكۆ)
# Russion School (Moscow)

ئەم قوتابخـــانەیە بە (**زنجیـــرەی زمـــانەوانی مۆســـكۆ ناودەبرێـــت**)، یـــان (**ڕواڵەتیـــیە ڕووســـەكان**)، كە لە سـەرەتاكانی سـەدەی بیسـتەم لە ڕووسـیا سـاڵی (١٩١٥) لەســـەر دەســـتی كۆمەڵێـــك لە قوتابیـــانی تـــوێژینەوە زانستییەكانی زانكۆی (**مۆسكۆ**) دامەزرا و گەشەی سەند.

جا ڕابەرانی ئەم گروپە بە(**كۆمەڵی خاوەن بۆچوونی وشەسازی**) یان (**دیاریكراوەكان**) یان (**ڕواڵەتییەكان**) یان كۆمەڵی (**Opojaz**) ناودەبرێن، كە كورتكراوەی وشەیەكی ڕووسییە بە ناوی (**كۆمەڵەی توێژینەوەی زمانی شیعری**).

لە بەناوبانگترین بانگخوازانی ئەم گروپە، ئەمانە بوون: (**ڕۆمـــان جاكۆبســـن** )،(**بـــۆریس ئیكنبـــام**)، (**تینیـــانۆڤ**)، (**بروپ**)، (**شیۆڤسكی**).

بۆچوونەكـــانی ئەم كـــۆمەڵە زمـــانەوانییە كانگـــایەكە لە كانگاكانی بونیادگەریی (سۆسێر) و بۆچوونە زمانەوانیی

و ڕەخنەیـیـیەکەی لەســەر وازهێنــانی بونیــادی بۆچــوونی کلاســیکی دامەزراوە، کە دیــاردە زمانەوانییەکــان لەســەر بنەمــای لایەنەکــانی پەیوەنــدی پــتەوی نێــوان ڕوخســار و نــاوەرۆک شــرۆڤە دەکــات، ئەمەش بیرۆکەیەکی ڕەخنەگــرە دێــرین و ڕەوانبێــژە عەرەبەکــانن، کاتێــک گومــانی ئەوەیــان برد، ئاخاوتنەکان دەفری چەمکەکانن.

لە دیــارترین بۆچوونەکــانی ئەوەیە، شــیعر لای ڕابەرانــی خــۆی، بەکارهێنــانێکی ئەدەبــی نایــابە بــۆ زمــان، چــونکە زمــانێکە لە چنــراوە دەنگییەکانــدا پێکهــاتووە، بــۆیە ڕێــک و تەبــا و گونجــاوە و ڕیتمەکــانی گرنگتــرین فاکتەرەکــانی بینــاکردنیەتی. لێــرەوە ئەو زانایــانە بەرەو بەرهەمهێنــانی تیــۆری ئەدەبــی هەنگاویــان نــا، کە گرنگــی بــە توانــایی هونەریی نووسەر بدات.

ڕابەرانــی ئەم قوتابخــانەیە ســەرقاڵی دەستنیشــانکردنی نمــــوونەی بۆچوونەکانیــــان و دانــــانی شــــێوازی ئەو گریمانانەن، کە شرۆڤەی چەندێتی و ئەو ئامرازە ئەدەبیــانە دەکــات، بــۆ بەرهەمهێنــانی کــاریگەرییە جوانەکــان، ئەمە ســــەرباری ئەو چــــۆنیەتیەی کە کــــاری ئەدەبــــی لە بەرهەمەکــانی دی جیادەکــاتەوە، هەرچەنــدە لە هەنــدێک ڕووەوە پەیوەندی لەگەڵدا هەیە.

ئەدەب لەلای ڕواڵەتییەکـــــان ســـــیفەتێکی هەیە، کە بەکارهێنـانێکی تـایبەتی زمـانە و لە تێڕوانینـی **مایکۆفسـکی ((ئەو شیعرەی جەخت لەسەر زێدی شـیعر دەکاتەوە، لە شتە ڕەهاکان خۆی نـابینێتەوە، بەڵکو لە بەزم و ڕەزمـی هـاوچەرخی مـاددەدا خـۆی دەبینێتەوە))**. هەروەهـا شـیعر بەرهەم و ئەنجـامی سـەرجەم ئەو ئـامرازە شـێوازکارانەیە، کە شاعیر لە بونیادە هونەرییەکانیدا بەکاری دەهێنێت.

ڕابەرانــی ئەم قوتابخــانەیە پرەنســیپی وەرگرتنیــان لە ئـامێز گـرت، بەو واتایـەی ئـاوێنەیەکە، ڕواڵەت و مـاهیەتی ڕوخساری بونیـادەکەی تیـادا ڕەنگدەداتەوە، ئەو بونیـادەی کە تایبەتمەنـدیی فرەیـی هەیە، لە گەڵاڵەکردنـی شـتەکان و پێــداوەکانی ئەو شـــتانە، بۆیـــە ئەم قوتابخـــانەیە میتـــۆدی هەڵێنجـــــانی لە هەنـــــدێک ڕووبەرە شـــــیکردنەوەکاندا لەخۆوەگرت، وەک بنەمـایەک بـۆ شـرۆڤەکردنی پێداوەکانی ئەم دیـاردەیە، ئەمەش شـان بە شـانی قـوولایی دەنگـی و مەســەلەی ڕیــتم و کـێش و وشەســازی و ڕستەســازی و واتاسازی و شێواز و پێکهاتە زمانییەکان، کە پەیوەنـدی بە ڕەهەندی جوانناسی و فەلسەفییە ڕۆچووەکانەوە هەبێ.

تێڕوانینێکــی لەم جــۆرە، بە جۆرێــک لە جۆرەکـــانی پەیوەستبوونێکی نادیار لەگەڵ هـونەرە جوانەکانـدا هەژمـار

دەکرێت، بۆیە هەندێک لە ڕێکخەرانی شیکردنەوەی مۆزیک و هونەرەکـانی شـێوەکاری چاویـان بڕیوەتـە ئەم میتـۆدە ڕواڵەتیـیە هـاوردەیە، کە لەسـەر بونیـادی دۆزیـنەوەی ڕەهەنـدەکانی زمـانی هـونەر و ئامرازەکـانی جێبەجێکردنـی کاروبارەکانی دروستبووە.

لەوانەیە وردتـــرین وەســـفی پرەنســـیپەکانی ئەم قوتابخـــانەیە، بانگەشـــەکردن بێـــت بـــۆ پەیوەندیـــەکی ڕاستەوخۆ لەگەڵ کاری هونەریی و ڕۆچوون تیایدا، ئینجا لەهەر جۆرێکـدا بـن، جـگە لە بانگەشـەکردنی چڕیـی ئەم قوتابخانەیە بۆ وتنەوەی خودی خۆی.

**((شـاعیر لای ڕابەرانـی ئەم قوتابخـانەیە لە بـواری زمانـدا ڕۆڵـی مـۆزیکژەن دەبینێت، کە یـاری بە دەنگەکـان دەکات، یان وەک وێنەکێشێک وایە، کە مامەڵەیەکی تایبەت بە ڕەنگەکان دەکات. کەواتە ئەدەب لای ئەوان ڕواڵەتێکی دەنگی(سیمیۆلۆجییە)، چونکە لەوەوە مادده زمانەوانییەکە (بەپێـی بۆچـوونی خۆیـان) دەسـت پێدەکات . ئەویش لە بواری کۆمەڵە سیستەمێکی ڕەمزی وەک ئەنجامێکی ئەم**

**تێڕوانینەش لە زمان نەک نوێنەرایەتی واقیعی زمانەکە خۆی)).**[1]

**(ڕۆمان جاکۆبسن)** بە بزوێنەر و داینەمۆی ئەم بازنە زمانەوانییە دەژمێردرێت، بەڵام ئەم بازنە زمانەوانییە لە ساڵی (١٩٣٤) پەرت دەبێت و کۆتایی پێدێت. با سەیری شاعیری سۆڤێتی **(کرزانۆڤ)** بکەین، کە لە بەیاننامەیەکیدا بەرانبەر کۆنگرەی یەکەمی نووسەران لە ساڵی (١٩٣٤) باس لە چیرۆکی ئەم پاشەکشەیە دەکات و دەڵێت: **((کەس ناتوانێ گرفتەکانی داڕشتنی شیعر چارەسەر بکات یان هەستێ بە شیکردنەوەی خوازراو و وێنە و ڕیتمەکان، (تەنانەت گەر ئاوەها بکات)، لەو کاتەدا دەڵێت ئەو ڕواڵەتییە دەستگیر بکەن، بۆیە ئێمە هەموو لەوەداین بە ئاواتی ڕواڵەتیبوون تۆمەتبار بکرێین)).**[2]

هەندێک لە پێشەنگانی ئەم قوتابخانەیە بۆ ئەمەریکا کۆچیان کرد، لەوانە **(ڕێنیە ویلک)** و **(ڕۆمان جاکۆبسن)**،

---

١. صلاح فضل(د)(١٩٩٢)، نظرية البنائية في النقد الأدبي، القاهرة، ص٥٧.

٢. صلاح فضل(د)(١٩٩٢)، نظرية البنائية في النقد الأدبي، القاهرة، ص٤٩.

که کاریگەرییەکی ڕوونیان لە ئاراستەکانی **(ڕەخنەی نوێ)** لە ماوەی پێنج دەیەی یەکەمی سەدەی بیستەم تۆمارکرد.

# قوتابخانەی ئەڵمانی
# German School

سەدەی نۆزدەهەم سەدەی سەرهەڵدانی پێشڤەچوونی دیاردەکانە، وەکو سەرەتایەک بۆ وانەی زمانەوانی پشتبەستوو بە تێڕوانینێکی ورد، جا تیۆری(داروین) کاریگەری خۆی بەسەر تویژینەوەی بەیاننامەکانی دیاردە زمانەوانییەکانی لای زانایانی ئەڵمانی لە زۆربەی زۆری میتۆدە زانستی و فەلسەفییەکان هەبوو.

تویژینەوە فۆنەتیکی و فۆنۆلۆجی و بەراوردکاریی و مێژووی زمانەوانی، چەند هەنگاوێکی بوێرانەی لای زانا ئەڵمانەکان نا، وەکو **(فرانز بۆب)**(**١٧٩١ – ١٨٦٧**) دامەزرێنەری فۆنەتیک و فۆنۆلۆجی، هەروەها(**یاکوب گریم**)(**١٧٨٥ – ١٨٦٣**) دامەزرێنەری زانستی ڕێزمانی بەراورد، هەروەها (**ڕاسمۆس کریستیان ڕاسک**)(**١٧٨٧ – ١٨٣٢**)، ئەم سێ زانایەش سێگۆشەی زانستیی زمانەوانی مێژوویی پێکدەهێنن، هەروەها (**فلیلهام فۆن هامبوڵدت**) (**١٧٦٧ – ١٨٣٥**)ی ئەڵمانی، کە بەچڕی زانیارییەکانی و

قـوولّيی و وردی  بۆچـوونی له مـهسـهله زمانهوانییهكـان ناسراوه.

زمان لای **(هامبولّدت)** توانایهكه لهسـهر داهێنـان، نهك تهنهـا بهرههمهێنــان، ئهم توانــایه له مێشــكی قســهكهردا چهسـپاوه، دهنگیش پێكهـاتهی ڕواڵهتـی زمـان بهرجهسـته دهكــات، ئهمهش بونیــادی واتــایی و ڕێزمــانی زمــانێكی دیــاریكراوه، كه توخمهكــانی زمــان و ڕێزمــان لهســهر ماددهی خاوی ئاخاوتن ڕێكدهخات.[١]

لهپاڵ ئهمانهشدا ساڵی (١٨٧٦) له شاری **(لایبزج)**ی ئهڵمـانی، كـۆمهڵه لاوێـك پهیـدابوون، گرنگییـان به كێشـه زمانییهكــان دهدا، پاشــان به **(ڕێزماننووســه لاوهكــان)** نـاوزهد كـران. ههروهك **(ڕۆبنـز)** دهڵـێ ئهمه نازنـاوێكی فهرمییه به ناوهرۆكێكی سیاسییهوه.[٢]

ئهوانهش ئهم زانایـانه بـوون: **(هــ. ئۆسـتۆف)** و **(ك. برۆگمـان)** و **(هرمـان پـۆل)** و **(ك. ڤێرنـهر)**، كه چهنـدهها بیــروڕای بنهڕهتیــان له زمانــهوانی مێــژووی  له بــواری

---

١. ر. روبنز(١٩٩٧)، موجز تاريخ علم اللغة، ترجمة: أحمد عوض(د)، الكويت، ص٢٨٦.

٢. ر. روبنز(١٩٩٧)، موجز تاريخ علم اللغة، ترجمة: أحمد عوض(د)، الكويت، ص٣٤٨.

دەنگەکـــان و شـــێوازەکان و تـــوێژینەوەی خـــوازراوی زمانەوانی پێشنیازکرد، بەو واتایەی ئاماژەیەکی گشتییە بۆ مێژووی زمانەکە.

یەکێـــک لە لایەنگرانـــی ئەم قوتابخـــانەیە، زمانـــەوانی تـــازەگەر (**هرمـــان پـــۆل**) (١٨٤٦ – ١٩٢١) بـــوو، کە لە پەرتووکەکەی خۆیدا (**Principles**)، تیۆری ئەم پرۆگرامە زمـانەوانییەی خستەڕوو و تیایـدا وتـی: بۆ ئەوەی گرفتـی زمـــان بەشـــێوەیەکی زانســـتیی ســـەرکەوتوو چارەســـەر بکرێت، پێویستە چارەسەریەکە مێژوویی بێت.[١]

ئەم گـــروپە جەختیـــان لەســـەر ئەوە کـــردەوە، کە پیتەکانی زمانە مردووەکان، بە هیچ شێوەیەک گونجاو نین بۆ بەخشینی زانیاری سەبارەت بە درکاوەکان، لەبەرئەوە پێویســـتە لێکۆڵینەوەکـــان ئاراســـتەی زمـــانە زینـــدووەکان بکرێت.

لەســـەر ئەم بنەمـــایەش، زارە بەکارهێنراوەکـــان لـــە ئەوروپا بـوونە جێی گرنگیپێدانی ڕێزماننووسە لاوەکان، پاشـــــانیش هەر لەوێـــــوە تـــــوێژینەوەی زارەکـــــان و

---

١. ر.روبنز(١٩٩٧)، موجز تاريخ علم اللغة، ترجمة: أحمد عوض(د)، الكويت، ص٣٠٠.

چاوپێداخشـانی زارەکـان و دەرچـوونی ئەتلەسـی زارەکـان لەم قۆناغەدا ئەنجامدرا.[1]

هەروەهـا (ڕۆبنـز) ئەوەی ڕوونکـردەوە، کە کـۆمەڵی ڕێزماننووسـە لاوەکـان وایـدەبینن زمـان دوور لە ڕای قسەکەرەکان، بوونێکی ڕاستەقینەیی نییە، ئەم بۆچوونەش فەلسـەفە و میتـۆدی زمـانەوانی ئەم کـۆمەڵە بەرجەسـتە دەکات.[2]

لەلایەکـی تریشـەوە کـۆمەڵێکی تـری ئەڵمـانی پەیدابوون، کە تێڕوانینێکی تری داهێنانکارانەیان لە بواری زمانەوانیدا تۆمـار کـرد، و تـوێژینەوە زمانەوانییەکـانیش بە کـاردانەوەیەکی بەهێـزی بیـروڕای ڕێزماننووسـە لاوەکـان لەقەڵەمـدا، کە پێـی دەوترێـت **(بـازنەی نموونەییەکـان یـان بازنەی جوانیناسان)**.

پێشـەوای ئەم کـۆمەڵەش **(ک.ڤۆسـلێر)**، کە زانـایەکە خەڵکی میونخ بـوو و لە هـۆگرانی زانـای ئەڵمـانی خەڵکی

---

١ـ ر. روبنز(١٩٩٧)، موجز تاريخ علم اللغة، ترجمة: أحمد عوض(د)، الكويت، ص٣٠١.

٢ـ ر. روبنز(١٩٩٧)، موجز تاريخ علم اللغة، ترجمة: أحمد عوض(د)، الكويت، ص٣٢١.

میـونخ (**هامبولـدت**) و فەیلەسـوفی ئیتـاڵی (**ب. کرۆشـیە**) بوو.

لایەنگرانـی ئەم قوتابخـانەیە جەختیـان لەسـەر گرنگـی تاکی قسـەکەر کرد لە ئەنجامـدان و گۆڕانکاری زمـانەوانی لە هەموو جۆرەکانیدا، بەهەمـان شـێوە گرنگییەکـی فراوانـی بە تواناکان و داهێنانکارییە زمانەوانییەکانی مرۆییدا.[1]

جا ئەم بازنە زمانەوانییە هێڵـی شـیکردنەوە گشـتییەکەی بۆ زمان لەم نەخشەیەی خوارەوەدا بەرجەستە دەبێت:




---

١ـ ر. روبنز(١٩٩٧)، موجز تاريخ علم اللغة، ترجمة: أحمد عوض(د)، الكويت، ص٣٠٦.

ئەو ڕەخـــنەیەی ئاراســـتەی ئەم کۆمەڵەیــــە کـــرا، جەختکردنەوەیـەکی بەردەوام بـوو لەسـەر زمـانی ئەدەبی و، لە بەرەوپێشـــــڤەچوونی زمانەکانـــــدا زۆریـــــش بە زیادەڕەوییەوە گرنگیان بە توخمی جوانناسیدا.

بە هەمان شێوە جەختیان لەسەر درکاوەکان کرد، وەک مەسـەلەیەکی یەکجـارەکی بـێ یەک و دوو زیـاتر لەلایەنە نووسـراو و تۆمارکراوەکـان چ لە پێکهـاتەی گوزارشـتەکان و چ لە بونیادی زمانەوانیدا.

بۆیــە بــازنەی ڕێزماننوســە لاوەکــان ئەم بۆچـوونەی بونیادی پێکهاتەیی بە چالاکییەکی کۆمەڵایەتی بێسـەروبەر نــاوزەد دەکەن، لەبەر ئەوە لە کــاتی تــوێژینەوەی زمانــدا نـابێ وەکـو ڕاسـتەقینەیەک وەریبگـرین،[١] لەوەش دەچـێ بـازنەی نموونەییەکـان لە دووتـوێی ئەنجـامی بیروڕاکـانی ڕێزماننووسە لاوەکان بووبێ.

قوتابخـانەی ئەڵمـانی لە مێـژووی زمانەوانیـدا، هەر لە سـەرەتای سـەدەی بیسـتەمەوە بەرهەمـی مەزنـی بـۆ ئەم زانســتە تۆمــار کــرد، کە ئاراســتەکــانی بەســەر بــوارە جۆراوجۆرەکـانی تـوێژینەوە زانسـتیەکاندا دابەش بـوون و

---

١ـ ر. روبنز(١٩٩٧)، موجز تاريخ علم اللغة، ترجمة: أحمد عوض(د)، الكويت، ص٣٠٦.

بەشێوەیەکی کارا بەشداری لە پتەوکردنی لایەنەکانی توێژینەوەی زمانەوانی(**فۆنۆلۆجی وفۆنەتیک و فۆنیمتری**)دا کرد.

لێرەدا هەندێ لە بەرهەمی زمانەوانە ئەڵمانەکان دەخەینەڕوو:

**١ـ هـ. جۆنزمان، فۆنیم و جۆرەکانی، ساڵی١٩٠٢ بڵاوکراوەتەوە.**

**٢ـ و.جیسبیرسن، بنەماکانی فۆنەتیک، ساڵی ١٩٠٥ بڵاوکراوەتەوە.**

**٣ـ ئیریک دراخ، دەروازەیەک بۆ پەروەردەکردنی دەنگی مرۆیی، ساڵی ١٩١٩ بڵاوکراوەتەوە.**

**٤ـ جۆنتر ئیلز، بەراوردکردنی دەنگەکانی ئاخاوتن، ساڵی ١٩٢٣ بڵاوکراوەتەوە.**

**٥ـ م.بارکیر، کورتەیەک لە ئاوازی زمانی ئەڵمانی، ساڵی ١٩٢٥ بڵاوکراوەتەوە.**

**٦ـ ل. شیلینیگ، لێکۆڵینەوەکان لەبارەی ئاخاوتن و ئاوازەوە، ساڵی ١٩٢٥ بڵاوکراوەتەوە.**

٧ـ س. شتومبف، پێکهاتەی بیستن لە دەنگەکانی ئاخاوتن، ساڵی ١٩٢٧ بڵاوکراوەتەوە.

٨ـ پاول مۆزیس، کورتەیەک لە فۆنەتیکی تاقیکردنەوەیی، ساڵی ١٩٣٠ بڵاوکراوەتەوە.

٩ـ ی. تسفیرنار، لێکۆڵینەوە بنچینەییەکانی فۆنۆمیتەری، ساڵی ١٩٣٦ بڵاوکراوەتەوە.

١٠ـ لیۆنارد هنترش، پێوانەکردنی کاتی فۆنیمە نەبزوێنەکان، ساڵی١٩٤٠ بڵاوکراوەتەوە.

١١ـ ئا. بانکۆ نسیلی، ئەتڵەسی زمانی ئەڵمانی، ساڵی ١٩٤٠ بڵاوکراوەتەوە.

١٢ـ هانز کریش، بنەما گشتییەکانی زانستی ئاخاوتن، ساڵی ١٩٥٤ بڵاوکراوەتەوە.

١٣ـ ئیلەر مایر، فۆنیمە بەتاڵەکان، ساڵی ١٩٥٣ بڵاوکراوەتەوە.

١٤ـ فردیش کانز، زمانەوانی دەروونی، ساڵی ١٩٥٦ بڵاوکراوەتەوە.

١٥ـ کارل هارتلیب، دەنگسازی مۆزیکی مرۆیی، ساڵی ١٩٥٩ بڵاوکراوەتەوە.

١٦. ئینجبورج جیریکا، بنەما نوێیەکانی زانستی فۆنۆلۆژی، ساڵی ١٩٦٠ بڵاوکراوەتەوە.
١٧. جێرهارت بمیە، بنەماکانی زانستی فۆنیاتەری، ساڵی ١٩٦٩ بڵاوکراوەتەوە.
١٨. جیرهارت لیندر، میتۆدی دەنگسازی کارەکی، ساڵی ١٩٧٨ بڵاوکراوەتەوە.

## قوتابخانەی ئینگلیزی
## British School

بۆچوونەکانی قوتابخانەی ئینگلیزی لە بواری تویژینەوە زمانەوانییەکاندا، یەک هێڵێکی ڕاست و خاوەن میتۆدێکی چەسپاو نەبوو، بەڵام ئەم حاڵەتە هەر لە چەرخی ڕێنسانسەوە ڕاستە شەقامێکی هزریی گشتی بوو، کە لە ڕووی پراکتیکیەوە جەختی لەسەر مەسەلە دەنگییەکان دەکردەوە، وەکو چاکسازی لە بواری ڕێنووس و فێربوونی زمانەکان و داهێنانی هێماکانی ئەلفوبێ و سیستەمە دەنگییە تازەکان و سیستەمە دەنگییە گشتییەکان.

ئەم قوتابخانەیە چەند ئەندامێکی لێهاتوو و ناسراوی گرتەخۆی، وەکو:

**ئا.ج.ئیلێس**

**پیتمان**

**هـ.لیپسیوس**

**هنری سویت**

**دانیال جۆنز**

**گاردینار**

**م.ئا.ک.هالیدای**

**ج.ڕ.فێرس**

**ج. بێرنێت**

**ویلیام جۆنز**

ئەم گروپە بەشێوەیەکی گشتی جەختیان لەسەر تویژینەوەی لایەنە دەنگیەکانی زمان کردەوە، بۆ نموونە **(هنری سویت)** (١٨٤٥-١٩١٢) هەروەکو لە پەرتووکەکەیدا( **Handbook of phonetics** ) ڕوونی دەکاتەوە، کە جەخت دەکاتە سەر لایەنە ئێستاییە وەسفییەکان، چونکە لەوێدا زاراوەی فۆنیم دەردەکەوێت.

بۆیە **(دانیال جونز)**ی زمانەوان زاراوەی**(فۆنیم)**ی قۆستەوە و لەسەر بنەمای ئەو زاراوەیە دەستی بە بونیادکردنی زمانەوانی کرد، ئەمەش لە هەوڵی شیکردنەوەکانی دەردەکەوێت، کە لە زمانی ئینگلیزیدا ئەنجامیدا و بەگشتی لە پەرتووکی ( **Outline of English Phonetics**)دا خستەڕوو، کە لە ساڵی (١٩١٤)دا دەرچوو.

کاتێک گرفتی (فۆنیم) و حاڵەتی بوونی سەری هەڵدا، هەر لەوکاتەشدا مقۆمقۆیەکی تێروتەسەل سەبارەت بە

ماهیەت و سنوور و پێکهاتە و لایەنەکانی پیادەکردنی لەئارادا بوو.[1]

شان بە شانی فۆنیم لە پەرتووکەکانی ئەم قوتابخانەیە، ئادگارە ناکەرتییەکان سەریانهەڵدا، کە هێز و ئاواز و بڕگە لەخۆدەگرت، هەروەها **(دانیال جونز)**یش لەسەر ڕێگەی مامۆستاکەیەوە **(هنری سویت)** ڕێچکەی کرد، و هەوڵی فراوانکردنی ئەم بازنە زمانەوانییەیدا، بەتایبەتی لەلایەنی پراکتیکیەوە، بەڵام **(گاردنەر)** گرنگی بە لێکۆڵینەوەی دەنگیدا و چەند پەرتووکێکیشی دەربارەی دەنگەکانی زمانی عەرەبی و تێبینییەکانی دەنگی عەرەبەکان لە بواری **(نەبزوێن)** و **(بزوێن)** و **(تیۆری ئاخاوتن)** و **(زمان)** نووسی.

کەچی قوتابخانەی ئینگلیزی لە گۆڕەپانی توێژینەوەی زمانەوانی تەنها لەسەر دەستی زمانەوانی ئینگلیزی ناودار **(جۆن فێرس ١٨٩٠ – ١٩٦٠)** فراوان بوو، کە ئاراستەی شیکردنەوەکان جەختدەکاتەوە لەسەر:

١ــ لە بۆچوونە زمانەوانییەکانیدا پشتی بە هزری ئەنسرۆپۆلۆجییەکان بەست، وەک **(ب. مالینۆفسکی)**، کە

---

١ـ سەیری کتێبی: عبدالقادر عبدالجلیل(د)(١٩٩٨)، الأصوات اللغوية، عمان، بکە.

توانی بەو هۆیەوە ڕێچکە زانستییەکەی خۆی بەرەوپێش بەرێت لە وەرگێڕانی وشە و ڕستە ناوخۆییەکانی ناو دەقە ئەنتۆگرافییەکانی دوورگەکانی (**Trobriand**) بۆ زمانی ئینگلیزی.

٢ـ تیۆری دەوروبەری ئێستایی بەرەوپێشەوە برد، بەو سیفەتەی تاکە ئامرازێکە بۆ دەستنیشانکردنی واتای (**فۆنۆلۆجی**)، کە پەیوەندییەکە لەنێوان ڕێزمان و دەنگ.

٣ـ تیۆری (**برۆسودیە**)ی دانا و جەختی لەسەر جیاکردنەوەی نێوان پێداویستییەکانی نووسینی دەنگی و نێوان بونیادی تیۆری کردەوە، کە دوو لایەن لە ڕەگەزە سەرەکییەکان بەکاری دەهێنێ: یەکەی فۆنیم و برۆسودی.

٤. جەختی لەسەر فۆنیمەکانی سەرووی کەرتەکانی هێز و ئاوازەوە کردەوە، بەو واتایەی هەردووکیان ئاستەکانی واتا و فۆنیمە کەرتییەکان ئاراستە دەکەن.

جگە لەوەی زمانەوانەکان بە میتۆدی (**جۆن فێرس**) دەڵێن زمانەوانی فێرسی یان زمانەوانی بەریتانییەکان (Firthion Linguistics, British Linguistics)،

ئەویــش لەبەر ئەو بۆچــوونە کــاریگەرانەی کــردە ســەر میتۆدەکانی زمانەوانە بەریتانییەکان.[1]

زمانەوانە بەریتانییەکان لە توێژینەوەکانیاندا بەرانبەر میتۆدەکەی (**فێرس**) نەوەستان، بەڵکو کۆششێکی زۆریان کرد بۆ پێشڤەبردن و شیکردنەوەی درکاوەکانی، لەوانە (**فێــرس**) و زمــانەوانی ناســراو (**هالیــدای**) لە تیــۆری (**ڕێزمانی سیستەم**) (**Systemic Grammar**)، کە سێ ڕەگەزی هەیە:

**أ. ڕوخسار**

**ب.ماددە**

---

١ــ جــێگەی باســە جــۆن فێرســی بە ڕەگەز ئینگلیــز، لە شــاری (یۆرکشــێر)ی بەریتانیــا لەدایکبــووە، لەپێشــدا لە زانکیــی (بنجــاب) مامۆستای زمانی ئینگلیزی بووە، دواتر لە زانکۆی لەندەن، لەپاشان بــۆتە پرۆفیســۆر لە بەشــی زمــانەوانی لە کــۆلێژی لێکۆڵینەوەکــانی ڕۆژهەلاتی و ئەفریقی سەر بە زانکۆی لەندەن. ساڵی (١٩٤٤)یش تا (١٩٥٦) لە زانکۆی لەندەن یەکەمین پرۆفیسۆری بواری زمانەوانی بووە.

تاکو ئێستاشی لەگەڵدا بێ، ناوەندی لێکۆڵینەوەکانی ڕۆژهەلاتی و ئەفریقی ناوەندێکە بۆ وەرگرتنی زانایان و توێژەران، حکوومەتی بەریتانی دایمەزراند، بە مەبەستی لێکۆڵینەوە لە زمان و ڕۆشنبیریی و گەلەکانی ئیمپراتۆریەت.

**ج. دەوروبەر**

تیۆری هالیدای تیۆرێکە سەر بە قوتابخانەی ئینگلیزییە، ئەم تیۆرە ناوی ڕێزمانی سیستەمەکانی لەخۆگرت، بەم شێوەیە تیۆری هالیدای (**ڕێزمانی سیستەمەکان**) یان (**زانستی زمانی سیستەم**) گرتە ئەستۆ، بەشێوەیەک لە بەرهەمهێنانی چاک و دروستی تیۆری (**فێرس**)دا چڕدەبۆوە. ئەو تیۆرە گرنگییەکی زۆری بە (**فۆنۆلۆجی**)دا، زیاتر لەوەی گرنگی بە ڕێزمان و تیۆری زمان و شیکردنەوەی زمانەوانی بدات (**بەپێی قسەی ڕۆبنز**).

لە کۆتایدا ئەوە ماوە بڵێین، کە زمانەوانە بەریتانییەکان زیاتر گرنگیان بە دیاردە فۆنۆلۆجیەکان داوە، وەک لەوەی گرنگی بە یاساکان بدەن.

لە بەرهەمەکانی ئەم قوتابخانەیە لە بواری زمانەوانی، ئەمانەن:

**١. هالۆرد پالمەر:**

**بنەمای لێکۆڵینەوەی زمانەوانی**، ساڵی ١٩٢١بڵاوکراوەتەوە.

**بنەماکانی فۆنەتیکی ئینگلیزی**، ساڵی ١٩٢٢ بڵاوکراوەتەوە.

**ئاوازی ئینگلیزی**، ساڵی ١٩٢٣ بڵاوکراوەتەوە.

**٢. گراهم بێڵ:**

**تیۆری فۆنیمە بزوێنەکان**، ساڵی ١٩١٤ بڵاوکراوەتەوە.
**٣. و. گاردنەر:**
**فۆنەتیکی زمانی عەرەبی**، ساڵی ١٩٢٥ بڵاوکراوەتەوە.
**تیۆرەکانی ئاخاوتن و زمان**، ساڵی ١٩٣٢ بڵاوکراوەتەوە.
**٤. دانیال جۆنز:**
**کورتەی فۆنەتیکی ئینگلیزی**، ساڵی ١٩١٤ بڵاوکراوەتەوە.
**فەرهەنگی دەربڕینی زمانی ئینگلیزی**، ساڵی ١٩١٧ بڵاوکراوەتەوە.
**٥. جۆن فێرس:**
**کەسایەتی و زمان لە کۆمەڵگەدا**، ساڵی ١٩٥٧ بڵاوکراوەتەوە.
**کورتەیەکی تیۆری زمانەوانی**، ساڵی ١٩٥٧ بڵاوکراوەتەوە.
**تەکنەلۆژیای واتاسازی**، ساڵی ١٩٣٥ بڵاوکراوەتەوە.
**قوتابخانە دەنگییەکانی ئینگلیزی**، ساڵی ١٩٤٦ بڵاوکراوەتەوە.
**٦. میشێل هالیدای:**
**بنەچە و پێشکەوتنی تیۆری فۆنۆلۆژی چینی.**

## قوتابخانەی ئەمریکی
## American School

لەساڵی ١٩٢٤ کۆمەڵەی زمانەوانی ئەمریکی دامەزرا و دەستی کرد بە دەرچوونی خولاوێکی (بڵاوکراوەیەک) ساڵانە بە ناوی **(زمان).**

ئەم کۆمەڵەیە لەپێناو فۆرمەلەکردنی ڕوئیای ئەمریکی بۆ زمان کۆششی دەکرد، پاشان ئاراستەیەکی زانستی لەسەر دەستی کۆمەڵێک لە زمانەوانە ئەمریکییە ناسراوەکانی لێ دروستبوو، کە مۆرک و ئەدگاری ئاشکرا و ڕوونی هەڵگرتبوو، ئەمانە بوون:

**فرانز بواز**

**ز.س. هاریس**

**س..ل. هۆکت**

**ک.ل. پایک**

**ئا. هاڵ**

**هـ. ئا. گلیسۆن**

**ئیدوارد ساپیر**
**لیۆنارد بلۆمفیلد**
**نەوام چۆمسکی**

ئەم دەستەیە بە چالاکی و لێهاتوویی ناسرابوون، بە تایبەتی لە پێکهاتەی ڕەهەندەکانی سیستەمی زمانەوانی، بۆیە زمانەوانی لە ئەمەریکا لە بواری توێژینەوەی زانستی بەرنامە و میتۆددا گەیشتە پلەیەکی پێشڤەچوو.

کەچی **(فرانز بواز)** پێش ئەوەی دەست بداتە توێژینەوە زمانەوانییەکان، ئەوا شارەزایی لە فیزیا و جوگرافیادا پەیداکرد، بۆیە توانی لە دەلاقەی ئەو دوو زانستەوە شارەزایی لە **(دەنگ)** و پلەکانی گواستنەوە و کاریگەرییەکانی لە ئاراستەکردنی ڕووداویی زمانەوانیدا پەیدا بکات.

بەهەمان شێوە شارەزاییەکی زۆری لە بواری ئەنسرۆپۆلۆجیادا پەیداکرد و سوودێکی گەورەی لە پێداوەکانی ئەو زانستە وەرگرت و خزاندیە چوارچێوەی توێژینەوە زمانەوانییەکانی خۆیەوە. بۆیە کۆششەکانی لەم بوارەدا بە پێشەکییەکی زیندوو دادەنرێت بۆ زانستی زمانەوانی وەسفی، جگە لەمەش **(فرانز بواز)** لەو بوارەدا بە مامۆستای نەوەکانی دوای خۆی لە زمانەوانە

ئەمریکییەکــان دەژمێردرێــت، (**بلۆمفیلــد**) دەربــارەی ئەم زانایە دەڵێت:((**مامۆستای هەموومانە، چا بە هەر مانایەک بێت**)).[1]

**هــاریس و هوکــت و پایــک** کۆششــەکانیان لە بــواری تـوێژینەوە زمانییەکانـدا دیـار و زانـراوە، بەڵام دیـارترین و ڕوونترین و جیاکارترین و کاریگەرترین ئەو زانایانەی لەم بوارەدا بریتین لە (**ئیدوارد ساپیر**) و (**لیۆنارد بلۆمفیلد**) و (**نەوام چۆمسکی**).

(**ئیــدوارد ســاپیر**) پســپۆڕی زمــانی ئەڵمــانییە و توێژینەوەکــانی ســەبارەت بە زمانەکــانی هینــدۆئەوروپی ئەنجامــدا و قوتــابی (**فرانــز بــواز**) بــوو، لە زانکۆکــانی (**شــیکاگۆ**) و (**یــەل**) خوێنــدنی بــواری ئەنســرۆپۆلۆجی تەواوکرد.

تێروانینــی (**ســاپیر**) لە بــواری زمانــدا لەم خــاڵانەی خوارەوەدا چڕ دەبێتەوە:

١. **ساپیر** لە پشکنینی دیاردە زمانەوانییەکاندا پشتی بە ئاســتەکانی (**گوزارشــت**) و (**نــاوەرۆک**) بەســتبوو، لەم ئاکارەشیدا وەکو زمانەوانە بونیادگەرەکان مامەڵە دەکات،

١ـ ر. روبنز(١٩٩٧)، موجز تاريخ علم اللغة، ترجمة: أحمد عوض(د)، الكويت، ص٣٣٣.

زمـان لای ئەم زانـایە (**بونیـاد و ڕوخسـار**)ە، و لەسـەر تـوخمە دەنگییەکـان بونیـادنراوە و دەیانبەسـتێتەوە و پەیوەندییەکی دیاریکراو و ڕۆڵ و فەرمان و چەندێتییەکی تـایبەت و سـەربەخۆییەکی تەواوی هەیە، بەشـێوەیەک لە ماددە هەستپێکراوەکە جیای دەکاتەوە.

٢. بە تێڕوانینێکـی ڕوونەوە **فۆنەتیـک و فۆنۆلـۆجی** جیادەکـاتەوە، هەروەهـا (**فۆنەتیـک**) بەشـێوەیەکی ڕێـک وەسف دەکات، بە وردی لە توخم و بەها زمانەوانییەکانی دەکـۆڵێتەوە، و لەسـەر فـۆنیم و پێکهـاتە شـێوەکارییەکانی هەڵوەسـتە دەکـات، فۆنۆلۆجیـاش وا وەسـف دەکـات کە ڕەنگدانەوەی لایەنی ئەرکی ناو چوارچێوەی پێکهاتەکانە، جا چ بەشەکی بێ یان هەمەکی بێت.

٣. لە پێداوەکانیدا هەندێکجار پشت بە بزاوتی فۆنۆلۆجی ناو چوارچێوەی پێکهاتەکان دەبەستێت.

٤. زمـان لای سـاپیر خـاوەن (چەنـد)ێکی بەس و تێروتەسـەلی تـوخمە دەنگییەکـانە و بەشـی پێویسـتییەکانی پەیوەستبوونی کۆمەڵایەتی و ژیاریی دەکات، لەبەر ئەوەی زمـان لەگەڵ پێویسـتییەکانی کـۆمەڵی زمـانەوانی بە شـێوەیەکی نەرمـی و بەهێز و دامەزراو مـامەڵە دەکـات، و

دەست بە پێداوەکانی ورد و درشتەکان و ڕێگەکانی بزاوتە ڕەنگاڵەییەکانییەوە دەگرێ.

٥. لەگــەڵ قوتــابییەکەی خــۆی (**وۆرف**) بەشــداری لە فــۆرمەلەکردنی گریمانەیەکــدا کــرد، پاشــان بە نــاوی هەردووکیانەوە ناسرا، ئەم گریمانەیە وای بۆ دەچێت کە ناتوانرێت زمان لە هزری مرۆڤایەتی جیابکرێنەوە، چونکە زمان هزری قسەکەرەکانی خۆی دروست دەکات، کە زمانەکــان جیــاوازن، لەبەرئەوەی خــودی ئەو زمانــانە بەکارهێنەرانی بە تێفکرین و جوڵاندنی هزری لە شتەکان پابەنـد دەکـات، بـۆیە ئەنجـام دەبێـتە هـۆی جیـاوازی و جودایی لە بۆچوونی مرۆڤ بۆ دەوروپشتی خۆی، ئەمەش مانای ئەوەیە:

**< هەمــوو جیــاوازییەک لە ڕێکخســتن > هەمــبەریەک دەبنەوە < لەگەڵ جیاوازی کۆمەڵی دەوروپشتی دەرەکی>**

کــەچی (**لیۆنــارد بلۆمفیلــد**) لە هەمــوو زمــانەوانە ئەمریکییەکـان زیـاتر جەختـی لەسـەر ئەوە کردۆتـەوە، کە تــوێژینەوەی زمــانەوانی بکــاتە (زانســت)، لە کاتێکــدا هاوکوفــانی ئەو مەســەلە زمانەوانییەیــان بەرەو لایەنە ماددییەکانی شتەکاندا پەلکێش دەکرد.

**(بلۆمفیلـــد)** لە زمـــانی ئەڵمانیـــدا پســـپۆڕ بـــوو و لە ســـەرەتاوە زیـــاتر گرنگـــی بەم زمـــانەدا، پاشـــان بەرەو تـــوێژینەوە زمـــانەوانییە گشـــتییەکان هەنگـــاوی نـــا، و بە میتـــۆدێکی مێژوویـــی لە مەســـەلە زمانییەکـــانی دەکـــۆڵیەوە، پـــاش ئەوەش دەســـتی بە تـــوێژینەوەی لایەنە بونیـــادییە زمانەوانییەکان کرد.

پەرتووکەکـــەی بلۆمفیلـــد (**زمـــان ــ Language**)، بە ســـەرچاوەیەکی گرنگـــی لێکـــۆڵینەوەی زمـــانەوانی ئەمریکـــی لەقەڵەم دەدرێـت، لەلایەکـی تریشـەوە بەوپەڕی کـاراییەوە بەشـداری لە ئامـادەکردنی بەرنامەکـانی فێربـوونی زمـانە بیانییەکانـــدا کـــرد، بە پشتبەســـتن بەرێـــگەی پەیوەنـــدی ڕاســـــتەوخۆ لەنێـــــوان فێرخـــــوازانی زمـــــانی دووەم و شارەزایانی زمانە زگماکەکە.

**(بلۆمیفلـــد)** لە بۆچـــوونە زمانەوانییەکانیـــدا لەژێـــر کـاریگەری **(لیسـکن و برۆگمـان)**دا بـوو، کە لە لایەنگرانـی کۆمەڵەی زمـانەوانی ڕێزماننوسـە لاوەکـان بـوو، هەروەهـا بیروڕاکانی زانـای سانسـکریتی وتنی(**W.D.Whitney**)ی لە توێژینەوەکانیدا پیادە دەکرد.

جـــگە لەوەی بەشـــداری لە دامەزرانـــدنی کـــۆمەڵەی زمـــانەوانییە ئەمریکیەکـــان کـــرد، لە لایەکـــی تریشـــەوە

قوتـابییبوونی بـۆ مامۆسـتای دەروونناسـی (**A.P.Weiss**) سـاڵی (١٩٢١) کـاریگەرییەکی زۆری لەسـەر ئەوە هەبـوو، کە بەرەو تیـۆری ئاکاری لە زانسـتی دەروونناسـیدا هەنگـاو بنێت.

بیروڕاکـــانی **بلۆمفیلـــد**ی زمـــانەوان لەم خـــاڵانەی خوارەوەدا چڕ دەبێتەوە:

١.(بلۆمفیلـد) جەختـی لەسـەر ئەوە دەکـردەوە، کە واتـا ڕێگاکانمـان بـۆ واڵا دەکات، تـاکو لە شـێوە زمانەوانییەکان بکـۆڵینەوە، هەروەهـا دەقـی درکـاو لە خـودی خۆیـدا هـیچ گرنگییەکی نییە، تەنها لە حاڵەتێکدا نەبێت، کە هەڵگری واتـا بێت.

٢.هەموو ئەو تـوێژینەوانەی جەخـت لە سـەر دەنگەکانی ئاخـــاوتن دەکەن، بەبـــێ بە ئیعتیبـــاردان بە واتـــا، تـــوێژینەوەیەکی ئەوتـــۆن، کە بۆیـــان هەیە لە بـــواری ئەزموونیـــدا پـــۆلێن بکـــرێن، لەبەرئەوە نـــاتوانرێ لە ڕوونکردنەوەی لایەنەکانی وێکچوون و جیاوازیی لە شێوە زمانەوانییەکـان پشـتی پـێ ببەسـترێت، تەنهـا لە حاڵەتێکـدا نەبێت کە لەگەڵ واتادا هەماهەنگ بێت.

٣.شێوەی زمـانەوانی لەگـەڵ واتـادا جـووتن و لەلای ئەم زمانەوانە دوو جۆرن:

**١. ڕووخساره سنووردارەکان**

**٢. ڕووخساره ئازادەکان**

ئەم دوو جـــــۆره، یەکەمیـــــان بەشــــەکانی یەکە زمانەوانییەکـــانە، کەچـــی دووەمیـــان یەکە زمـــانەوانییە تاکەکـان و دووانییەکـانە، جـۆری یەکەم (**ناسـەربەخۆ**) و جۆری دووەمیش (**سەربەخۆ**)ی پێدەگوترێ.

٤.(بلۆمفیلد) گرنگی بە شتێکدا، کە لە بواری زمانەوانی بونیادگەریدا پێی دەوترێت (**پێکهێنراوە ڕاستەوخۆکان**)، یـان (**پێکهـاتە سـەربەخۆکان**)، ئەم میتـۆدەش لای زانـای نـاوبراو لەسـەر بونیـادی ئەوە هەڵدەسـتێت، کە پێکهـاتەی تەواو و هێڵێکی پان و ڕاست نییە، بەڵکو چەند یەکەیەکی هەماهەنگ و گونجاوی سیستەمێکی دەرکپێکراون.

ئەمەو (**بلۆمفیلد**) بە پێشـەنگی ئەم شـێوازە شیکردنەوە دادەنرێـــت، پێـــی وابـــوو پرۆســـەی (**کەرتکـــردن**) یـــان (**بەشبەشـکردن**) ڕێگەیەکـی فـراوانە بـۆ پەیبـردن بە یەکە زمانەوانییە بچووکەکان.

تێڕوانینـی (**بلۆمفیلـد**) لەسـەر (**سیسـتەمی چینەکـان**) بینـــاکراوە، واتە (**پێکهـــاتە**) لە (**چینەکـــانی پێکهاتەکـــان**) دروستبووە، نەک لە توخمە گونجاوەکان، وەکو:

**[خالیدی دەوڵەمەند داوای یارمەتی لە خەڵک دەکات]**

پێکهـــاتەی چینـــایەتی لەلای (بلۆمفیلـــد) لە لـــوتکەوە دەستپێدەکات و دەگاتە بنکەکانی خوارەوە، بەمشێوەیە:

**پێکهاتە = چینی یەکەم + چینی دووەم**

**چینی یەکەم: خالیدی دەوڵەمەند**

**فرێزی ناوی**

**ناو + ئاوەڵناو**

**ناو(خالید)**

**ئاوەڵناو(دەوڵەمەند)**

**چینی دووەم: داوای یارمەتی لە خەڵک دەکات**

**فرێزی کاری + فرێزی بەند**

**کار + بەرکار**

**کار= داوای دەکات**

**بەرکار = یارمەتی**

**لە = ئامراز**

**خەڵک= ناو**

جـــا ئەمجـــۆرە شـــیکردنەوەیە، ناســـراوترین شـــێوازە زمانەوانییەکـانی بـواری تـوێژینەوە و تیـۆرە زمـانەوانییە هاوچەرخەکانە.

کـــەچی هەنـــدێک لەو زمـــانەوانە وا دەبیـــنن، کە ئەم شیکردنەوەیە جۆرێک لە بێدەسەڵاتی و کەموکورتی تێدایە، چـــونکە پڕۆگرامێکـــی ڕواڵەتـــی ڕاســـتەوخۆیە و توانـــای پاڵپشتیکردنی توێژەری زمانەوانی نییە لەسـەر هەڵهێنجانی مانا و شرۆڤەکردنی تەواوی زمانەکە.

لەوەش دەچێت ڕسـتەی پرسـیاری و سـەرسـوڕمان و حاڵەتەکـانی (بکەردیـار) و (بکەرنادیـار) و ئەو پێکهاتـانەی کە چەند ڕوویەک لە ڕوونـامە واتاسـازی هەڵدەگرن، زۆر دوورن لە تواناکانی ئەم میتۆدە سـەبارەت بە پەیبردنـی بە سازدانی ئەم پرسە شیکردنەوانە.

با ئێستاش ئەو پێکهاتانە ببینین، کە (**پ.د.نیهاد موسـا**) خستوویەتەڕوو:[(١)]

- لەلای دەرگا چاوەڕێم بکە/ **مۆزەخانە تازەکە.**

**مۆزەخانە/ تازەکە**

- داوام کرد سەرم لێبدا/ **سەرلەبەیانی.**

**(ئاوەڵکاری کاتی) بۆ (سەردان)**

**(ئاوەڵکاری کاتی) بۆ ( داوا)**

---

١ـ نهاد الموسى(د)(١٩٨٧)، نظرية النحو العربي في ضوء مناهج النظر اللغوي الحديث، عمان ص٣٤.

چـونكه لەم حـاڵەتەدا لایەنـی دەستنیشـانكردنی كـات تووشـی لار و لەوێری دەبێت، ئەویـش لە كـاتی جـووڵەی سیاقی ئاوازەكان و هەڵوەستەكانی ئاخاوتن.

**لەگەڵ یەكەمدا: داوام كرد، سەرم لێبدا/ بەیانی.**

**لەگەڵ دووەمیشدا: داوام لێكرد/ سەرم لێبدا بەیانی.**

لەوەش دەچێـت ئەم میتـۆدە هەر لە سـەرەتای دروسـتبوونییەوە فێركـاری بووبێـت، زۆر لە ڕێزماننووسانی عەرەب لە سەدەی دووەمی كۆچی لەسـەر ئەم شـیكردنەوەیە هەڵوەسـتەیان كـرد، بـۆ سـاناكردنی سیسـتەمەكانی پێوانـەكردنیان، چـونكە كاتێـك (شیكردنەوەی) ئەم ڕستەیە دەكەین **(خرجت لیلی ترجو لقـاء اخیهـا)**: بـۆ كـاری هەڵوەشـاندنەوەكە و بـۆ پێكهـاتە ڕاسـتەوخۆكان سەردەكێشـێ، جـا لە سـەرەتاوە لە (كار)ەكەوە دەستپێدەكات. خرج + التاء + لیلی (مقصور) + الفعل (الموثـق بـالواو المدیـة) + لقـاء (قـد نخـرج الـی التخفیـف عـن الهمـزتین + اخیهـا (لەوانەیە پەنـا بـۆ هەڵوەشـاندنەوەی بەریـن). ئەم توخمـانە بە وێنەیەكـی هزریـی دەركپێكـراوەوە پەیوەسـتن، كە سیسـتەمەكانی پێوانەی پێكهاتەكە پەلكێشی كردوون.

٥. دابەشــکردنی (Distribution) ڕەوشـــت کـــارێکی زمــانەوانی تــرە، کە (بلۆمفیلــد) و لایەنگرانــی لە خاوەنـانی قوتابخانەی زمانەوانی ئەمریکی پیادەیان کرد.

ئەم میتـۆدە لەژێـر ڕوونـاکی قوتابخـانەی ڕەوشـتکاری دەروونناســی ڕێچــکەی کــرد، بەم شــێوەیەش چەمــک و ماناکـان دەچـنە بـواری پســپۆڕی دەروونناسـانەوە، جـگە لەوەی ئەم مانایــانە چەنــد یەکەیەکــی هۆشـــەکین، کە لە ئاخـاوتن دەچـن، ئەمەش لەلایەن قسـەکەرەوە پێوسـتی بە زانیاریەکی تەواو دەربارەی دەوروبەرەوە هەیە.[1]

ئەم ڕێــگەیە لەســـەر پرەنســـیپی **(جێگـــۆڕکێ)**ی یەکە زمانییەکـــان دامەزراوە لە بـــواری دەستنیشـــانکردنی ئەو بەشەی سەر بە بەشەکانی ئاخاوتنە:

ئەو **{ (پیــاو ـــ بەرنــامە) نیگەرانییەکـانمی لابـرد}**. لە (بەرنامە ـ پیاو) ئاماژەیەکی ڕواڵەتی هەیە، لە ڕاستیدا ئەم مەســـەلەیە لە ڕێزمـــانی عەرەبیـــدا ڕوون و ئاشـــکرایە، بەتـایبەتی لەو حـاڵەتەدا کە ڕێزماننـاسـانی عەرەب دەسـت دەدەنە تۆمـارکردنی پلەکـانی هەریەک لە (نـاو) و (کـار) و (پیت).

---

١. هەندێجار بە قوتابخانەی (یالی) ناودەبرێت.

(**ڕۆبنز**) پێی وایە (**ساپیر**) و (**بلۆمفیلد**) وەکیەک وان، بگرە لە بابەتە زمانەوانییەکان و شرۆڤەکردنی دیاردەی زمانەوانی تەواوکەری یەکترین.

هەروەها بە بۆچوونی (**ڕۆبنز**)، توێژینەوەکانی (**بلۆمفیلد**) زانستین و بۆ زانست پشت بە شرۆڤەی میکانیکی دەبەستێت، هەروەها جەخت لەسەر شیکردنەوەی فۆرم (**Formal**)ی دەکاتەوە، لە بەرانبەر ئەمەشدا (**ساپیر**) پشت بە شێوازی دۆزینەوە دەبەستێ، لە هەمان کاتیشدا جەخت دەکاتەوە لەسەر پەیوەندییەکانی ئەم بابەتە بە ئەدەب و مۆسیقا و ئەنسرۆپۆلۆجیا و دەروونناسی، (**ساپیر**) بیروڕاکانی خۆی لە پەرتووکێکدا بە ناوی (**Selected writings**) خستەڕوو.

کاریگەری (**بلۆمیفیلد**) لەسەر توێژینەوە زمانەوانییە ئەمریکیەکان بە هەموو شێوەیەک ڕوون بوو، ئەویش لە ڕوانگەی پشتبەستنی بە میتۆدی زانستیی ئاشکراوە، بەجۆرێک سەردەمی پێش (**چۆمسکی**) بە (**ماوەی بلۆمفیلد**)ی ناسراوە.

قوتابخانەی زمانەوانی ئەمریکی جەختی لەسەر بۆچوونەکانی (**بلۆمفیلد**) کردەوە سەبارەت بە

شیکردنەوەی ڕواڵەتی زمان بە پشتبەستن بە **(فۆنیم)** و **(ئەلۆفۆن)** وەک یەکەی بنەڕەتی لە پرۆسە شیکردنەوەیدا.

لە ساڵانی شەستەکانیشدا زمانەوانی ئەمریکی **(کینیت پایک)**(K. L. Pike) تیۆرێکی تازەی داهێنا، لەوە دەچوو لقێکی تیۆری پێکهاتە ڕاستەوخۆکانی بلۆمفیلد بێ لە بواری ڕێزماندا، ئەم تیۆرە بە ناوی تیۆری قالبەکان - یان تیۆری **تاجیمی** (Tagmemic Theory) ناسراوە و وێنەی کرۆکی تیۆرەکەش ئەوەیە، زمان لە کۆمەڵە قالبێک (Tagmemes) پێکهاتووە. وەک ئەم نموونەیە:

**خالید یاری تۆپی پێ دەکات.**

**خالید ⟵ Tagmeme1ـ ناوە، تاکە، بکەرە.**

**یاری دەکات ⟵ Tagmeme 2 ـ کارە، ڕانەبوردووە.**

**تۆپی پێ ⟵ Tagmeme 3 ـ ناوە، بەرکارە.**

پێکهاتە لە ( 3 ـ Tagmeme 2) Tagmeme ژمارە (٤) (کار) پێکدێنێت و هەموو (تاجیمیێک) لە چەند توخمێک پێکدێت.

ئەم قالببوونەش ڕەنگدانەوەیەکی (فەرمانە ڕێزمانییەکە)یە و ڕێزمانی عەرەبی هەر لە دێر زەمانەوە ئەم میتۆدەی ناسیوە، لەبەر ئەوەیە کە ئەم میتۆدە لە

توێژینەوەی ڕێچکە یساییەکانیدا گرنگییەکی ئەوتۆی نییە، بەڵام لە تـوێژینەوەی زمـانە ئەوروپییەکانـدا زۆر گـرنگە، بەتـایبەتی زمـانە بیانییەکـان نـاگەنە ئەو پـلە بـاڵایەی، کە زمـانی عەرەبی لە هـۆنینەوەی پێکهاتەکانیـدا پێـی گەیشـت، بەڵام لەگـەڵ ئەوەشـدا ئەم مەسـەلەیە بـۆ گرنگیـدان بە (**بونیـادگەریی**) ڕاپێچمـان دەکـات، ئەویـش لە دەلاقەی پیـادەکردن و دۆزیـنەوەی پێکهاتەکـان و خزمەتگـوزاری پرسـی زمـانە ئەوروپییەکـان. ئەم تیـۆرە تـاجمیمیەش تەکنیکی وەسفی دەرخست.

کـەچی هەنـدێک لە زمانـەوانەکان ئەم تیـۆرە بە چەنـد چەمکێـک یـان زاراوەیەکـی (**سـەرووی زمـانەوانی**) و ناڕواڵەتی لە قوتابخانەی ئەمریکی لەقەڵەم دەدەن.

لەپاشاندا لە نیوەی سەدەی بیستەم، زمانەوان ( **ئەفرام نـەوام چۆمسـکی**) (**Avram Noam Chomsky**) پەیـدابوو، کە بە هـزرە ماتمـاتیکییەکەی خـۆی ڕێچـکەی تـوێژینەوە زمانەوانییەکـان لە بـواری شـیکردنەوەیدا زیـاتر دەوڵەمەنـد بکـات و ڕووننامەکـانی دیـاردەی زمـانەوانی بخاتە ژێر چاودێرییەوە.

بەڵام بۆچوونەکـانی چۆمسـکی زمـانەوان لەم بـوارەدا خاوەن پێگەیەکی مەزن نەبوو، بەڵکو بۆچوونەکانی زیـاتر

ڕەنگدانەوەی بیروڕاکانی (**بلۆمفیلد**) بوو، ئێمەش بەم خێراییە ناتوانین سەرتاپای بیروبۆچوونە زمانەوانییەکانی (**چۆمسکی**) بخەینەڕوو، چونکە ئەو بیروڕایانە لە بوارێکی چڕ و دەوڵەمەندی کۆششە زمانەوانییە تازەکانە، کە پێویستی بە ئەنجامدانی توێژینەوەی دوور و درێژ هەیە. دەکرێ لەم چەند ناونیشانانە ئاماژەیان بۆ بکەین:

**١. توانستی زمانەوانی و چالاکی ئاخاوتن**

**٢. ئاستی ڕووکەش و ئاستی قووڵ**

**٣. ڕێزمانی گوێزانەوە و بەرهەمهێنان**

ئەمەش بە دوا پێشکەوتنەکانی زمانەوانی لە سەدەی بیستم هەژمار دەکرێت.

**تێبینی:**

**ئەم کتێبە لەم سەرچاوەیە وەرگیراوە:**

**عبدالقادر عبدالجليل(د)(٢٠٠٢)، علم اللسانيات الحديثة، عمان، ص٢١٤ ـ ٢٦٥.**

## سەرچاوەکان


١ـ أحمد مختار عمر(د)(١٩٨٨)، البحث االلغوي عند العرب، القاهرة.

٢ـ تمام حسن(د)(١٩٧٤)، اللغة بين المعيارية و الوصفية، الدار البيضاء.

٣ـ جورج مونين(١٩٨١)، تاريخ علم اللغة، ترجمة: بدرالدين قاسم، حلب.

٤ـ جون ليونز(١٩٨٥)، نظرية تشومسكي اللغوية، ترجمة: حلمي خليل(د)، الاسكندرية.

٥ـ ر. روبنز(١٩٩٧)، موجز تاريخ علم اللغة، ترجمة: أحمد عوض(د)، الكويت.

٦ـ الزركشي(؟)، البرهان في علوم القرآن، تحقيق: محمد ابو الفضل ابراهيم، القاهرة.

٧ـ صلاح فضل(د)(١٩٩٢)، نظرية البنانية في النقد الأدبي، القاهرة.

٨ـ عبدالقادر عبدالجليل(د)(١٩٩٧)، اللغة بين ثنائية التوقيف و المواضعة، عمان.

٩- عبدالقادر عبدالجليل(د)(١٩٩٨)، الأصوات اللغوية، عمان.
١٠- فردينان دي سوسير(١٩٨٥)، دروس في الألسنية العامة، ترجمة: صالح القرمادي و آخرين، الدار العربية للكتاب.
١١- نهاد الموسى(د)(١٩٨٧)، نظرية النحو العربي في ضوء مناهج النظر اللغوي الحديث، عمان.
١٢- وفاء البيه(د)(١٩٩٤)، اطلس اصوات اللغة العربية، عمان.
13- D.r Kahlawi, The phases symmetry in the grammer of English and Standard Arabic, Sorbonne, Paris III, 1992 (ph. D. thesis).